# گڵکەند

Kurdistan Chronicle

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات

ژمارە (٦)

یەکشەممە ٢٠٢٤/١٢/١٥


## شام شەکرە هەولێر شیرینترە



وێنە: رێبەند سەعدوڵا

## ”13 ساڵە لێرەم کەس بە وشەیەکیش ئازاری نەداوم“

# ئاوارەکان لە نێوان گەڕانەوە بۆ شام و مانەوە لە هەولێر

**ڕێبەند سەعدوڵا**

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو ٢٠٢٤/١٢/٨ ڕژێمی بەعسی بەشار ئەسەد رووخا و خۆشی بەناو هاووڵاتییانی سووریادا بڵاو بووەوە، لە ناویشیاندا ملیۆنان هاووڵاتیی سووریی پەنابەر، کە ژمارەیەکی زۆریان زیاتر لە دەیەیەکە نیشتەجێی هەولێرن و بەم بۆنەیەوە لە هەولێر ئاهەنگ و خۆشییان گێڕا.

سەمیر نابلسی کە پەنابەرێکی سوورییایە و بەهۆی سمێڵەکەیەوە ناوی بە (ئەبو شوارب) ڕۆیشتووە و بووەتە کاسبکارێکی ناسراوی ناو بازاڕی نیشتمان لە هەولێر، چەند ساڵێکە دوو دوکانی دروستکردنی پاقلاوەی کردووەتەوە و ڕۆژی یەکشەممە لە خۆشیی کەوتنی ئەسەد، پاقلاوەی دەبەشییەوە و دەیگوت لە خوا بەزیاد بێت دوای ١٤ ساڵ چەوسانەوە، ئەو ستەمکارەیان لە کۆڵ بووەوە.

نابلسی لە کاتی لێدوانیدا بۆ (گڵگەند)، چاوی پڕ بوو لە ئاو و گوتی ماوەی ١٣ ساڵە لە هەولێرە، ئیتر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ شام و بە خاکی وڵات و کەسوکارەکەی شاد بێتەوە.

ئەو پەنابەرە سوورییە ئاماژە بەوە دەدات کە بەهیممەتی تێکۆشەرانی وڵاتەکەی، بەشار ئەسەدیان لە کۆڵ کردووەتەوە، دەشڵێ بەئیزنی خودا لەمەبەدوا وڵاتەکەیان ئاوەدان دەکەنەوە ”خەڵکی هەولێر باشترین خەڵکی جیهانن، چاکەی زۆریان لەگەڵدا کردووین، ١٣ ساڵە لێرەم هیچ کەسێک بە وشەیەکیش ئازاری نەداوم. سەرباری ئەوەی ئاسایش و ئارامیی هەولێر نمونەی نییە“، نابلسی ئەوها پەسنی هەولێرییەکان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەدات و ئومێد دەخوازێ سووریاش بەم زووانە وەکو هەولێری لێ بێت و ئارامی و ئاسایشی بۆ بگەڕێتەوە.

ئەو پەنابەرە دووپاتی دەکاتەوە کە دەیەوێ بەزووترین کات بگەڕێتەوە شام، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە کە ”تازە بووم بە کوڕی هەولێر و هەر بە هەولێری دەمینێمەوە“.

ئەو پێی وایە ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و پەنابەرانی سووریا دوای لەناوچوونی بەشار ئەسەد، دەگەڕێنەوە زێدی خۆیان. دەشڵێ ئەگەر بەیەکجارییش نەگەڕێنەوە، ئەوا دوای ئەو هەموو ساڵە ئاوارەییە، هیچ نەبێت بۆ سەردان و دیتنەوەی زێد و کەسوکاریان دەگەڕێنەوە.

نابلسی ئاماژەش بەوە دەکات کە گەشبینە بە داهاتووی وڵاتەکەی و هیوادارە سەرکردەکانی ڕاپەڕینی ئەمجارە وڵاتەکە بنیات بنێنەوە و ئاشتی و سەقامگیری بۆ بگەڕێننەوە.



وێنە: شڤان هەرکی

لە شیرینی (شام)دا، پێنج کەسی سەر بە پێنج خێزانی پەنابەری سووریی کار دەکەن، سەمیر دەڵێ سەربەرزانە بژێویی خۆیان لەو دوکانە پەیدا دەکەن، دەشڵێ ڕیزێک دوکانی بازاڕی نیشتمان کە کەوتوونەتە سەر شەقامە سەرەکییەکە، هەموویان لەلایەن هاووڵاتییانی سووریاوە ئاوەدان کراونەتەوە و تایبەتن بە خواردن و خواردنەوەی سووری.

لە کۆتاییشدا دەڵێ ”لە دڵەوە سوپاسی خەڵکی هەولێر دەکەم کە لە ناخۆشیدا پشتیوان و هاوکارمان بوون و چاکەیان لەیاد ناکەین، سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە جگە لەوەی سەرەتا پەناگەی بۆ دابین کردین، دواتریش ئاسانکاریی بۆ کردین تا دەست بە کار و کاسبی بکەین».

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو ٢٠٢٤/١٢/٨، حکوومەتەکەی ڕژێمی بەعسی بەشار ئەسەد لەلایەن هێزە چەکدار و ئۆپۆزسیۆنەکانی سووریاوە بەئاسانی و لە ماوەی ١٢ ڕۆژدا کەوت، لە کاتێکدا ئەو ڕژێمە ماوەی ٥٣ ساڵ بوو سووریای بە زەبری ستەم و چەوساندنەوە بەڕێوە دەبرد.

بەدرێژایی ١٣ ساڵی ڕابردوو سوپای ڕژێمی ئەسەد لە شەڕێکی درێژخایەندا بوو لەگەڵ چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و گرووپە چەکدارەکانی تر، لەم شەڕانەدا زیاتر لە نیو ملیۆن کەس کوژران، بەپێی ئامارە نافەرمییەکانیش سوپای سووریا کەمتر لە ١٥٠ هەزار سەربازی مابووەوە، دوای ئەوەی زیاتر لە نیوەی سوپاکە هەڵاتبوون.

بەپێی ئامارێکی (worldvision) کە مانگی ڕابردوو بڵاوی کردووەتەوە، لە ٢٠١١وە تا ئێستا زیاتر لە ١٤ ملیۆن هاووڵاتی سووری لە ماڵ و زێدی خۆیان ئاوارە و دەربەدەر بوون. بەهۆی دەستپێکردنەوەی شەڕ و ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەدیشەوە تەنها لە ماوەی دوو هەفتەی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەکاندا لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەم و سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمدا ٢٤ هەزار منداڵ لەگەڵ خێزان و کەسوکاریاندا ئاوارە و دەربەدەر بوون.

دوابەدوای ڕاگەیاندنی کەوتنی ئەسەد، ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو ئەبو محەمەد جۆلانی فەرماندەی گشتیی دەستەی تەحریری شام ڕایگەیاند دەستبەرداری حکوومەتی ئەسەد نابن و دەیانەوێت لە دروستکردنەوەی حکوومەتی نوێدا، سوودیان لێ ببینین. لەمبارەیەوە لەگەڵ ئەحمەد غازی جەلالی سەرۆکوەزیرانی ڕژێمی ئەسەد کۆ بووەوە بۆ پێکهێنانی حکوومەتی ڕزگاریی نیشتمانی لە سووریا.

# زانکۆی سەڵاحەدین و ئۆتۆنۆمۆس شوێنەوارێکی 7500 ساڵی دەدۆزنەوە

**دهۆک بەڕۆژی**

تیمێکی هاوبەشی زانکۆی سەڵاحەدین لە هەولێر و زانکۆی ئۆتۆنۆمۆس لە بەرشلۆنەی ئیسپانیا دوای ئیمزاکردنی گرێبەستێک، دەستیان بە لێکۆڵینەوە و کنەکردن لە شوێنەوارێکدا کردووە کە کەوتووەتە ناوەڕاستی قەزای سۆران و شوێنێکی تەمەن حەفت هەزار و ٥٠٠ ساڵیان دۆزیوەتەوە.

دوای ئەوەی لە بەهاری ئەمساڵدا لێکۆڵینەوە لە گردی بانەهێلکی گەڕەکی برایەتیی ناوەڕاستی قەزای سۆران لەلایەن شوێنەواری سۆرانەوە دەستی پێ کردبوو، ئێستا هەردوو زانکۆی سەڵاحەدین و زانکۆی ئۆتۆنۆموس، گرێبەستێکی کاری کنە و پشکنینیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوار و کەلەپوور ئیمزا کردووە.

ئەم تیمە بە هاوئاهەنگیی لەگەڵ شوێنەواریی سۆران، لە یەکێک لە گەڕەکەکانی سەنتەری قەزای سۆران شوێنەوارێکیان دۆزیوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی حەفت هەزار و ٥٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە، بەڕێوەبەری شوێنەواری سۆرانیش دەڵێ ئەگەری هەیە شارستانی حەلەف لە دەشتاییەکانی سۆرانەوە سەری هەڵدابێت.





د. عەبدولوەهاب سلێمان بەڕێوەبەری شوێنەواری سۆران بە (گڵگەند)ی ڕاگەیاند دەستیان بە هەڵکۆڵینی زیاتر لە گردی شوێنەواری بانەهێلک کردووە، ئەمەش دوای ئەوەی شوێنەوارەکە لەلایەن تیمێکی زانکۆی شیکاگۆ لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە بە سەرۆکایەتی بڕاید وود و بڕۆس هاو کاری هەڵکۆڵینی بۆ کرابوو و دوای دە ڕۆژ بەجێ هێڵدرابوو، لە ساڵی ٢٠١٧شدا گرێبەستێکیان لەگەڵ هەردوو زانکۆی سەڵاحەدین و ئۆتۆنۆموسی بەرشەلۆنەی ئیسپانی بۆ ماوەی پێنج ساڵ واژوو کردبوو، تا ساڵی ٢٠١٩ کارکردن تێیدا ئەنجام درا، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، کارەکان بۆ ماوەیەک وەستا.

هەروەها گوتی ئەمساڵ لەلایەن هەردوو زانکۆکە و بەسەرپەرشتیی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان، جارێکی تر دەست بە کاری هەڵکۆڵین لە گردی بانەهێلک کراوەتەوە، خۆشبەختانە بەپێی کاری هەڵکۆڵینەکە شوێنێکی شوێنەواری دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی ٧٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

بەڕێوەبەری شوێنەواری سۆران ئەوەشی ڕوون کردەوە، لەلایەن تیمی زانکۆی پنسلڤانیای ئەمەریکی لە چینەکانی خوارەوەی گردەدەشتیش پارچە گلێنەکانی حەلەف دۆزراوەتەوە، بەمەش ڕەنگە دوای لێکۆڵینەوە و هەڵکۆڵینەکانیان بگەنە ئەو ئەنجامەی کە شارستانییەتی حەلەف لە کوردستان لە دەشتاییەکانی شاری سۆرانەوە سەری هەڵدابێت و دواتر بۆ بەشەکانی تری جیهان چووبێت.

دۆزینەوە نوێیەکان دەریانخستووە کە گردی بانەهێلک بە یەکێک لە گوندە سەرەتاییەکانی کشتوکاڵی زاگرۆسی سەروو ئەژمار دەکرێت، کە لە دیانا جگە لە کشتوکاڵ دانیشتوانەکەی توانیویانە ئاژەڵی وەک مەڕ و بزن و بەراز و باڵندەی وەک قاز و مراوی ماڵی بکەن.

لە شوێنەوارەکەدا پارچە گلێنەی ناسکی نەخشێندراو بە ڕەنگی سوور و پرتەقاڵی و ڕەش دۆزراونەتەوە کە تایبەتمەندییەکی دیاری شارستانیی حەلەفن لەگەڵ پاشماوەی بیناسازی و ئامێری بەردی لە گردە شوێنەوارییەکە.

# چینییەکان چاویان بڕیوەتە داهاتووی هەولێر



دیمەنێکی ئۆتۆبانی هەولێر - دهۆک

هێمن بابان ڕەحیم

قەبارەی وەبەرهێنان لەماوەی ١٨ ساڵدا لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە زیاتر لە ٧١ ملیار دۆلاری ئەمریکی، بە زیاتر لە ٤٤ ملیار دۆلار پارێزگای هەولێر زۆرترین وەبەرهێنانی تێدا کراوە کە ڕێژەی زیاتر لە ٣ ,٦٢٪ـی کۆی وەبەرهێنان پێکدەهێنێت، وەبەرهێنان لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی کوردستانیشدا زیاتر لە ١٧ ملیار دۆلار بووە و کەرتەکانی گەشتیاری، نیشتەجێبوون و پیشەسازی زۆرترین وەبەرهێنانیان تێدا کراوە.

## 44 ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە هەولێر کراوە

بەپێی ئامارەکانی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ١ـی ئابی ساڵی ٢٠٠٦ەوە تاوەکو کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ قەبارەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە زیاتر لە ٧١ ملیار و٤٥٢ ملیۆن دۆلار.

پارێزگای هەولێر بە ٥٥٦ پرۆژەوە ٤٤ ملیار و٥٤٢ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی تێدا کراوە کە ڕێژەی ٣٤ ,٦٢٪ـی کۆی قەبارەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، دواتر پارێزگای سلێمانی بە ١٨ ملیار و ٢٦٣ ملیۆن دۆلار لە ڕیزبەندی دووەم دێت کە ٥٦ ,٢٥٪ـی کۆی وەبەرهێنان پێکدەهێنێت و ٢٧٦ پرۆژەی هەبووە.

پارێزگای دهۆک لە ڕیزبەندی سێیەم دێت کە ٢٩٧ پرۆژەی بە سەرمایەی ٦ ملیار و ١٨٣ ملیۆن دۆلار تێدا کراوە و ڕێژەی ٦٥ ,٨٪ـی قەبارەی وەبەرهێنان پێکدەهێنێت، پارێزگای هەڵەبجەش شەش پرۆژەی بە گوژمەی ٤١ ملیۆن و ١٧ هەزار دۆلار هەبووە.

لەنێو ئیدارە سەربەخۆکانیشدا گەرمیان بە پلەی یەکەم دێت کە ٩٨٨ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی تێدا کراوە لەڕێگەی ٤٩ پرۆژە، هەریەک لە زاخۆ و سۆران و ڕاپەڕین بەدوای یەک قەبارەی وەبەرهێنان تێیاندا زیاتر لە ٨٧٨ ملیۆن دۆلار، ٣٧٧ ملیۆن دۆلار و ١٧٦ ملیۆن دۆلار بووە.

کۆی گشتی ئەو پرۆژانەی لەو ماوەیەدا لەڕێگەی وەبەرهێنانەوە کراون هەزار و٢٧٢ پرۆژە بوون و ٨٢ هەزار و٤١٦ دۆنم زەوییان بۆ تەرخانکراوە.

## پیشەسازی، نیشتەجێبوون و گەشتیاری زۆرترین وەبەرهێنانیان تێدا کراوە

بەپێی ئامارەکانی دەستەی وەبەرهێنان کەرتی پیشەسازیی لەڕیزبەندی یەکەمی ئەو کەرتانەیە کە وەبەرهێنانیان تێدا کراوە کە بڕی زیاتر لە ٢٤ ملیار و٣٨٧ ملیۆن دۆلار بووە، ڕێژەی ١٣ ,٣٤٪ـی کۆی قەبارەی وەبەرهێنان پێکدەهێنێت، ژمارەی پرۆژەکانی ئەم کەرتەش ٣٢٦ پرۆژە بوون.

کەرتی نیشتەجێبوون بەپلەی دووەم دێت کە ڕێژەی ١٦ ,٣٠٪ـی قەبارەی وەبەرهێنان پێکدەهێنێت، قەبارەی وەبەرهێنان لەم کەرتە لەماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوو بڕی زیاتر لە ٢١ ملیار دۆلار بووە و ژمارەی پرۆژەکانیشی ٢٢٦ پرۆژە بوون.

کەرتی گەشتیاری لە ڕیزبەندی کەرتەکاندا بە پلەی سێیەم دێت کە قەبارەی وەبەرهێنان تێیدا زیاتر لە ١٤ ملیار دۆلار بووە، ڕێژەی ٨٨ ,٢٠٪ـی تەواوی قەبارەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت و ژمارەی پرۆژەکانیشی ٢٠٢ پرۆژە بوون.

کەرتی بازرگانی یەکێکی دیکەیە لەو کەرتانەی بڕی زیاتر لە پێنج ملیار دۆلار وەبەرهێنانی تێدا کراوە و ڕێژەی ٣٣ ,٧٪ پێکدەهێنێت و ٢٥٣ پرۆژەی تێدا کراوە

یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان – یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٦ ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەری بیانی و خۆماڵی دەکات بۆ بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان و لە کابینەی نۆیەمیشدا ئاسانکاریی زیاتر کراوە وەکو گوتەبێژی دەستەی وەبەرهێنان ئاماژەی بۆ دەکات.

بەرگەشت ئاکرەیی، لەمبارەیەوە بە (گڵکەند) دەڵێ "حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە مامەڵەکانی وەبەرهێنان بەخێرایی ڕایی بکرێن و ئاسانکاریی تەواو بۆ وەبەرهێنەران بکرێت".

## چین لە وەبەرهێنانی بیانی لە پلەی یەکەمدایە

ئامارەکانی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان دەریدەخات لەو زیاتر لە ٧١ ملیار دۆلارەی قەبارەی وەبەرهێنانە لە ١٨ ساڵی ڕابردوودا قەبارەی وەبەرهێنانی خۆماڵی ٦٠ ملیار و ٨٤ ملیۆن دۆلار و قەبارەی وەبەرهێنانی بیانی ١٠ ملیار و ٦٨ ملیۆن دۆلار و وەبەرهێنانی تێکەڵیش یەک ملیار و٢٩٨ ملیۆن دۆلار بووە.

لە وەبەرهێنانی بیانیدا وڵاتی چین زۆرترین وەبەرهێنانی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە کە ڕێژەی ٨٧ ,٦٪ـی کۆی وەبەرهێنانی بیانی پێکدەهێنێت، بڕی ٤ ملیار و٩٠٦ ملیۆن دۆلار قەبارەی وەبەرهێنانی ئەو وڵاتە بووە.

ئیماراتیش لە ڕیزبەندی دووەمدایە کە قەبارەی وەبەرهێنانی زیاتر لە دوو ملیار و٥٢٩ ملیۆن دۆلاری تێپەڕاندووە و ڕێژەی ٥٤ ,٣٪ـی کۆی وەبەرهێنانی بیانی پێکدەهێنێت. دوای ئەو وڵاتەش تورکیا لە ڕیزبەندی سێیەم دێت کە زیاتر لە یەک ملیار و ٢٤٠ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی کردووە.

هەرچی وەبەرهێنانە بەپێی ساڵەکانە لەساڵی ٢٠٠٦ەوە تاوەکو ساڵی ٢٠٢٤، زۆرترین وەبەرهێنان لەساڵی ٢٠١٣ بووە کە بڕی زیاتر لە ١٠ ملیار دۆلار وەبەرهێنان کراوە، دوای ئەو ساڵی ٢٠٢١ە کە بڕی زیاتر لە هەشت ملیار دۆلار وەبەرهێنان کراوە، ساڵی ٢٠١٢ش لە ڕیزبەندی سێیەم دێت کە زیاتر لە شەش ملیار دۆلار وەبەرهێنان کراوە.

ئامارەکانی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان دەریدەخات قەبارەی وەبەرهێنان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان واتە لەماوەی نێوان ٢٨ـی تەمموزی ٢٠١٩ تاوەکو کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤ گەیشتووەتە ١٧ ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دۆلار کە لەڕێگەی ٤٢٩ پرۆژەوە بووە.

وەبەرهێنانی بیانی لە کابینەی نۆیەمدا زیاتر لە چوار ملیار و ٩٧٢ ملیۆن دۆلار، وەبەرهێنانی خۆماڵی زیاتر لە ١٢ ملیار دۆلار و وەبەرهینانی تێکەڵ زیاتر لە ٣٧ ملیۆن دۆلار بووە.

هەولێر بە زیاتر لە ١٢ ملیار و ٨٨٠ ملیۆن دۆلار لە ڕیزبەندی یەکەم و سلێمانی بە دوو ملیار و ٧٤٢ ملیۆن دۆلار لە ڕیزبەندی دووەم و دهۆک بە ٩٥٠ ملیۆن دۆلار لە پلەی سێیەم دێت، هەڵەبجەش زیاتر لە ٣٣ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی تێدا کراوە.

لەکابینەی نۆیەمدا لە گەرمیان ٦٠٢ ملیۆن دۆلار، لە سۆران ١٠٦ ملیۆن دۆلار، لە زاخۆ ٥٣ ملیۆن دۆلار و لە ڕاپەڕین ٣٢ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانیان تێدا کراوە.


زۆرترین وەبەرهێنان لە کەرتەکانی گەشتیاری کراوە کە بڕی زیاتر لە حەفت ملیار دۆلار بووە و ڕێژەی زیاتر لە ٤٢٪ بووە، دواتر کەرتی نیشتەجێبوون زیاتر لە چوار ملیار دۆلار بووە و ڕێژەی زیاتر لە ٢٥٪ـی هەبووە، پاشان کەرتی پیشەسازی دێت کە زیاتر لە ١٨٪ بووە.

لە وەبەرهێنانی بیانی لە کابینەی نۆیەمدا چین زۆرترین وەبەرهێنانی هەبووە کە گەیشتووەتە ٤ ملیار و ٩٠٦ ملیۆن دۆلار و دوای ئەو لوبنان بە ٤٨ ملیۆن دۆلار و پاشان تورکیا لە ڕیزبەندی سێیەم دێت.

لەو ساڵانەی کابینەی نۆیەمیشدا ساڵی ٢٠٢١ بە زیاتر لە هەشت ملیار و ٥١٧ ملیۆن دۆلارەوە زۆرترین وەبەرهێنان کراوە، دواتر ساڵی ٢٠٢٣ دێت کە بڕی زیاتر لە دوو ملیار و٤١٠ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنان کراوە.

---

300 لۆ هەولێر



شێرزاد هەینی

# ڤارەکەی ئیسکان

نازانم دەتوانم بە گۆشەیەک و بەو نووسینە کورتە، باسی شەقام و بازاڕ و مەملەکەتی ئیسکانی هەولێر بکەم!؟

ئەو هەوارەی شەوانە ئاوەدان، ڕۆژانە گەرمترە. شەقامێکی قیرِی ئاساییە؛ چا، ڕوون، برژان، کوڵان سووتاندوویەتی. شەقامەکە زۆر بەرین، پڕ لە گوڵزار و ڕەنگاورەنگیش نییە.

زۆرتر پیاوان و گەنجان ڕووی تێدەکەن، بۆ ڕەگەزی مێینەی هەولێریی نیمچە حەرامە، کەم سەردانی دەکەن، نانی تێدا ناخۆن، بازاڕی ئەوانی تێدا نییە!

هەموو جۆر و مارکە و کاڵایەکی تێدایە، کۆن و نوێ! باش و بازاڕی، ئیسکان ناوی زۆر دوور و باش ڕۆیشتووە! لە تەواوی شارەکانی عێراق، شوێنی (لبن و کباب اربیل)ی گرتووەتەوە.

لەو ئیسکانەی ئێستا، جاران شەقامێکی سادەی ساردی ئاسایی بوو، سەعاتی جارێک ئامانەیەکی سووری (نقل الرکاب)ی گشتی بەناویدا دەڕۆیشت، لە یەک شوێنیش ڕادەوەستا، بازاڕ و گەڕەکی (موفتی)ی دوورە شاری بەیەکەوە دەبەستایەوە. ئەوەندە بوو، لەگەڵ مزگەوتی (حاجی بەکری زێڕینگر) دوو سێ دوکانی تێدا کرایەوە!

بەڵام ئێستا ئەو ئیسکانە شەو و ڕۆژ کراوەتەوە، وەستانی نییە، ڕووبارە و دەڕوا، دووکەڵە و بەرز دەبێتەوە، گۆشت و نان و ئاوە! هەموو جۆرە مۆبیل، وەستا، لێزان، شارەزایەکی ئەلیکترونی لێیە. تامەکانی نێرگەلە، توتن، ڕەژوو، هەموو جۆرە خواردنێکی هەرزانی تێدایە، بە نان، سەموون، کولێرە، پیتزا، کەلانە، کوبەی پان و خڕ، فەلافلی بە عارەبانە، بۆدی لۆری، دەستفرۆشی کورد، بە هەموو ناسنامە، زاراوە، شێوە، مۆرال و جوگرافیا، عەرەبی، بەنگلادیشی، هیندی، ئێرانی، سووری و تورکی دەفرۆشرێت.

شەقامەکە ڕێستورانتێکی درێژە، سەروبنی دیار نییە، هەر بەشێکی نرخ، خاوەن، ڕووبەر، شێف و تامی جیاوازە. دەڕۆیت، تام و بۆنی هەموو خواردنێک دەکەیت، شل، نەرم، ڕەق، شیرین، ترش، گەرم و ساردیش!

گەراجی گەورە، کافتریای دوو نهۆمی پڕ لە گەنج، قسە، دووکەڵ، بۆن، بابەتی زۆرە! دەتوانی بە دوو هەزار دینار تێر بخۆیت؛ نۆک، نیسک، برنج، ساوەر، هەموو جۆرە گۆشتێک، فانی هەموو یانە وەرزشییەکان، ڕیکلامی حزبەکان، سیمای هونەرمەندان، ئەوەی چەندان ساڵە لەو وڵاتە بزرت کردیە، لەو ئیسکانە ڕووبەڕوو پێت دەڵێ نامناسیتەوە

بەبێ سەیرکردنی ڤار، لەگەڵ ململانێیەکان هەزار جار ڕیال و بەرشەلۆنە گۆڵیان لەیەکتری کردووە.

# بۆ ئەوەی پشتگیریی لە دۆزی كوردستان بكات لە هەولێر نیشتەجێ بووە




**گڵكەند**

د. سیابولیلا ماندێلا نەوەی سەركردەی مێژوویی باشووری ئەفریقیا و جیهان نێلسۆن ماندێلا، كە وەك مامۆستای میوان لە بەشی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانی زانكۆی كوردستان لە هەولێر وانە دەڵێتەوە، رای گەیاند لێكچوونی خەباتی هەردوو گەلی كورد و رەشپێستانی باشووری ئەفریقیا لەپێناو ئازادی و سەربەخۆییدا وای كردووە بەو گەلە سەرسام بێت، بەشێوەیەك ئەگەرچی ئەو بە كورد لەدایك نەبووە، بەڵام خۆی بە كورد دادەنێت و پشتیوانی لە دۆزی كورد دەكات.

ماندێلا بە (گڵكەند)ی گوت "تاكە هۆی ئەوەی من بڕیارم داوە بێم بۆ كوردستان ئەوەیە پشتگیری لە دۆزی كورد بكەم. رەنگە من بەكورد لەدایك نەبووبم، بەڵام خۆم بەكورد دادەنێم".

## مێژووی هاوبەشی بەرەنگاریكردن

د. ماندێلا لە یەكەم سەردانیدا بۆ هەرێمی كوردستان لە ئاداری ٢٠٢٣ سەردانی مۆنیومێنتی هەڵەبجەی كرد و دیمەنەكانی كارەساتی كیمیابارانكردنی ئەو شارە لەلایەن رژێمی سەدامەوە سەركوتكردنی رەشپێستانی وڵاتەكەی یاد خستەوە لەلایەن رژێمی رەگەزپەرستیی ئەوكاتەوە.

بەگوتەی د. ماندێلا؛ یەكێك لەو هۆیانەی پاڵیان پێوە ناوە بگەڕێتەوە بۆ كوردستان و لەڕێی پەروەردەوە بەشداری لە گەشەپێدانی هەرێمی كوردستاندا بكات، مێژووی هاوبەشی بەرەنگاری و خەباتی گەلی كورد و رەشپێستانی باشووری ئەفریقیا لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی و پشتیوانیی گەلی كورد بووە لە گەلی باشووری ئەفریقیا، "من هەستم دەكرد لەناو گەلێك دام مێژووەكەی وەك مێژووی منە لەڕووی خەباتكردن لەپێناو سەربەخۆیی و ئازادی و مافی چارەنووسی خۆیدا. لەبەرئەوە زۆر بەو گەلە سەرسام بووم".




ئەوەیشی ئاشكرا كرد كە خەڵك لە ئەفریقیا شتێكی ئەوتۆ لەبارەی گەلی كوردەوە نازانن، وەك چۆن جارانیش زۆر خەڵك هیچیان لەبارەی چەوساندنەوەی گەلی رەشپێستی باشووری ئەفریقیاوە نەدەزانی و ئەگەر ماندێلا لە ١١ی شوباتی ١٩٩٠ پاش ٢٧ ساڵ زیندانی ئازاد نەكرایە، رەنگە ئەمڕۆ خەڵكێكی ئەوتۆ وەك نموونەیەكی سەرمەشق ئاماژەیان بۆ نەكردایە.

د.ماندێلا ستایشی هەردوو گەلی كورد و فەلەستینی كرد كە "لەبەرئەوەی بەهەمان دۆخی چەوساندنەوە و ستەمكاریدا تێدەپەڕین، لە ئازاری ئێمە تێدەگەیشتن و لە رۆژە سەختەكانی خەباتی ئێمە لەپێناو ئازادیاندا پشتگیرییان كردین، لەبەرئەوە ئێستا كە ئێمە ئازادین پێویستە لە پشتگیریكردنی ئەو دوو گەلە كە هێشتا سەربەخۆییان بەدەست نەهێناوە، بەردەوام بین". جەختی لەوەیش كرد "وەبەرهێنان لە پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەی نوێ، سەركردەكانی ئایندە، لە گەورەترین ئەو شتانەیە دەتوانیت بیكەیت".

## ریفراندۆمی سەربەخۆیی

د.ماندێلا راشكاوانە پاڵپشتی لە ریفراندۆمی گەلی كوردستان بۆ سەربەخۆیی لە ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٧ دەكات، كە زۆرینەی ٩٣٪ی دەنگی (بەڵێ) ی بەدەست هێنا، بەڵام بەهۆی پشتیوانی نەكردنی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە نەگەیشتە ئاكام؛ دەڵێ "هیچ سەیر نییە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی لە خەباتی گەلی كورد بۆ سەربەخۆیی نەكرد، تەنانەت خەباتی نێلسۆن ماندێلا و هاوەڵانیشی بۆ ماوەیەكی دوور و درێژ لەلایەن كۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە رەت دەكرایەوە، ماندێلا بە تیرۆریست دادەنرا، بەڵام ئەمڕۆ هەمان ئەو كەسەی بە تیرۆریست دادەنرا وەك یەكێك لە مەزنترین سەركردەكانی سەر زەوی یاد دەكرێتەوە".

د. ماندێلا هیوای خواست رۆژێ لە رۆژان گەلی كوردیش وەك گەلی باشووری ئەفریقیا ئازادی و مافی چارەنووس بەدەست بێنێت؛ بەپێویستیشی زانی ئەو گەلانەی ئازادییان بەدەست هێناوە پشتگیری لەوانە بكەن ئازادییان بەدەست نەهێناوە تا بەدەستی دێنن، لەو رووەوە ئاماژەی بە هەڵوێستی ماندێلای باپیری دا كە ساڵی ١٩٩٢ خەڵاتی نێودەوڵەتیی ئاشتی ئەتاتوركی رەت كردۆتەوە، "باپیرم لەوە تێگەیشتبوو قبووڵكردنی ئەو خەڵاتە مانای ئەوەیە بەجۆرێ لە جۆرەكان پشتگیریی لە سیاسەتی توركیا بەرانبەر گەلی كورد دەكات، نەچوونی بۆ توركیا بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە جۆرە نارەزاییەك بوو بەرانبەر بەو مامەڵەیەی توركیا".



عەبدولباسیت فەرهادی

## ئەو دیمەنە جەرگبڕەی لەبیرم ناچێ

لە كۆتایی هەشتایەكان لێكۆڵەری دادی بووم لە دادگای لێكۆڵینەوەی هەولێرێ، رۆژانە دەبوایە سەردانی نەخۆشخانەی فریاكەوتن بكەین بۆ وەرگرتنی گوفتاری بریندارەكانی رووداوەكانی هاتوچۆ و شەڕ و كارەساتەكان.

ئەوكات عەلی كیمیاوی خوێنڕێژ كرابووە بەرپرسی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، یەكێك لە بڕیارە وێرانكەرەكانی دانانی ناوچەی (مەحزور ئیداری) بوو، كە لەسەر خەڵكی كوردستانی سەپاندبوو لە شار و شارۆچكەكان دەرنەچن بۆ دەشت و گوندەكان، زۆربەی گوندەكان بە فەرمانی وی خاپوور و وێران كرابوون بەتایبەتی ئەگەر جموجۆڵ و هاتوچۆی پێشمەرگەی لێ بوایە یا كار و چالاكیان لەو گوندانەڕا بۆ ناو شارەكان هاتبا.

هەر كەسێ لە جادەی قیرِ دووركەوتبایەوە فڕۆكە پەلاتۆز و هەلیكۆپتەرە بچوكە فەرەنسییەكانی عێراق كە خەڵكی گوندە وێرانكراوەكان ناویان نابوون (زەنگەزۆرە)، كەسەكەیان دەكردە ئامانج و گوللەبارانیان دەكرد، دەیان خەڵكی ئەو گوندانە بەو شێوەیە شەهید كران و ئەوەی بشگیرابوایە بێ دادگایی گوللەباران دەكرا، هەمووشی بە فەرمانی عەلی كیمیاوی.

رۆژێك چوومە نەخۆشخانە كە ئەوكات هەموو هەولێر و دەوروبەری یەك نەخۆشخانەی فریاكەوتنی لێ بوو، دوو هۆڵی پێشوازیی پیاوان و ژنانی هەبوو، لەوێ بینیم منداڵێكی تەمەن دە ساڵ لەسەر قەرەوێڵەیەك درێژ كراوە، رەنگی سپی سپی و بێ هۆش، جلكێكی شڕی لەبەر بوو و بێ هەست و خوست، دكتۆر و برینپێچ لێی نزیك نەدەكەوتنەوە، كە پرسیم ئەو حاڵەتە چییە؟ گوتیان ئەو منداڵە شوانە لە گوندە وێرانەكانی لای هەنارە كە قەدەغەیان لەسەرە، بزنی بۆ لەوەڕ بردووە و لوغمێكی لەژێر پێ تەقیوەتەوە و هەردوو قاچی پەڕیوە، سەیرم كرد خوێن راناوەستێ، گوتم بۆ چارەسەری ناكەن؟ گوتیان ئەفسەری ئەمنی نەخۆشخانە كە كوردێكی خۆفرۆش بوو، گوتوویەتی هەركەسێ چارەسەری بكا ئەویش بە (موخەریب) لە قەڵەم دەدرێ و دەیگرم، بۆیە ناوێرین چارەسەری بكەین.

لە داخا وەكو شێتانم لێ هات، چوومە قاوشەكەی دی دیتم منداڵێك ترومبێل لێی داوە، لێی نزیك بوومەوە زانیم عەرەبی دانیشتووی خانووەكانی ئەمن (دور الامن)ی هەولێرە، كەسێكی بەرگ زەیتونی لە نزیك سەری وەستابوو و گوتی، من مامی ئەو منداڵەم، باوكی لە بەرەكانی شەڕە، گوتی ترومبێلێكی دراوسێكەمان گەڕاوەتەوە دواوە و لەو برازایەی داوم.

حاڵی برازاكەی باش بوو، لێم پرسی كارت چییە؟ گوتی من نەقیب محەمەدم لە هەواڵگری (ئیستیخبارات)، بە فرسەتمزانی گوتم لەگەڵم نایێیتە هۆڵەكەی دیكە كە منداڵە قاچپەڕیوەكە و دایكە داماوە هێز لێبڕاوەكەی لێ بوو، حاڵی منداڵەكەم بۆ باس كرد و گوتم كام یاسا و شەریعەت ئەوە قبووڵ دەكا منداڵێكی بێگوناحی وا قاچەكانی بە مین بپەڕێ، كەچی چارەسەر نەكرێ؟ گوتی جا بۆ چارەسەری ناكەن؟ گوتم لە ترسی ئەفسەری ئەمنی نەخۆشخانە دەڵێ بە فەرمانی عەلی حەسەن مەجیدە، نەقیب محەمەد هاواری كرد كوا لە كوێیە؟ زۆڵەكوردەكە بەخۆی و جلی زەیتونی و دەمانچەی تاریق هات گوتی، ئەتو كێی؟ بۆ هاوار دەكەی؟

نەقیب محەمەد گوتی من فلانم و بووە دەمەقاڵێیان، زۆڵەكورد دەیگوت ئەو منداڵی موخەریبانە نابێ چارەسەر بكرێ، نەقیب محەمەد هەتا هێزی هەبوو زللەیەكی لەبن گوێی دا و گوتی، تۆ موخەریبی و داوای لە بەڕێوەبەری نەخۆشخانە و دكتۆرەكان كرد بە زووترین كات چارەسەری منداڵەكە بكەن، ئەوانیش بە پەرۆشەوە چاوەڕێی فەرمانێكی وا بوون و منداڵە بێهۆشەكەیان بەرەو ژووری نەشتەرگەری برد بۆ چارەسەر و خوێن و پێویستییەكانیان بۆ ئامادە كرد، هەموویان بە زمانی چاو سوپاسی نەقیب محەمەدیان دەكرد كە ئەو زۆڵەكوردەی لەبەر چاویان ریسوا كرد.

سەرەڕای تێپەڕبوونی پتر لە ٤٠ ساڵ بەسەر ئەو دیمەنە جەرگبڕەی منداڵەكە، وێنەكەیم هەر لەبەر چاوە، كورد دەڵێ دار كرمی لەخۆی نەبێ تەمەنی هەزار ساڵە.



هەوڵ و پێگەی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانیی هەردوو کەسایەتیی برا حوسێن حوزنی موکریانی و گیو موکریانی مێژوو ساغی کردووەتەوە، بەو هەموو بەشمەینەتی و ئاوارەیی و مەمرە و مەژییەوە، دەستبەرداری ئەو بەهرە زیندووەی خۆیان نەبوون، لە موکریانەوە بۆ شام و لەوێشەوە بە هەزار دەردەسەری لە ساڵی ١٩١٥ چاپخانەیەک بەکۆڵدا دەدەن و لە ڕواندز دایدەمەزرێنن و گۆڤاری زاری کرمانجی پێ دەردەکەن.

# گیو موکریانی

## دیوانی کچەکەی چاپ نەکرد

نازم دڵبەند

لەم ڕۆژانەدا بەدوای یەکەمین ستۆدیۆی وێنەگرتندا دەگەڕام لە هەولێر، هاوار سدیق خاوەنی ستۆدیۆی (سەمیر ئەمیس) و کاک عەزیزی خاوەن ستۆدیۆی (فوئاد)م بەسەرکردەوە، ئەوانیش یەقین نەبوون، پێیان وابوو یەکەم کەس کە ستۆدیۆی وێنەگرتنی لە هەولێر کردبێتەوە مەحموود حیلمی خاوەنی ستۆدیۆ (سپۆرت) بووە و لە دوای ئەویش (کەماڵە کەڕ) و (جەمال داود) بووینە، بەڵام من دوودڵ بووم، تا لەم ئێوارانە چوومە سەر بیرەوەرییەکانی د. کوردستان موکریانی و هەموو ئەو ڕاستییانەم بۆ دەرکەوت، کە یەکەمین کەس مامۆستا (گیو موکریانی) بووە، یەکەم ستۆدیۆی وێنەگرتنی لە هەولێر داناوە.

د. کوردستان موکریانی دەگێڕێتەوە "باوکم لەژێر قەڵاتی هەولێر لە کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکاندا شوێنێکی بەکرێ گرتووە، کە سووچێکی فراوانی ئوتێل (مەگەردیج) بووە، ستۆدیۆیەکی لەم شوێنە دامەزراندووە، کە لە شاری هەولێر بە یەکەمین ستۆدیۆی وێنەگرتن دەژمێردرێت، لەبەر دەرکی دوکانەکەیدا قووتوویەکی گەورەی (کۆداک)ی هەڵواسیوە و لەژێرەوەش نێوی وێنەگری هونەراوی چەسپاندووە".

هەروەها ئەوەشی گێڕاوەتەوە "د. مارف خەزنەدار چەند جارێک بۆی باس کردووم، ئەوسا لە هەولێریٚ بە تەنیٚ دوو شوێن ناویان بە زمانی کوردی نووسرابوو، ئەوانیش ستۆدیۆی هونەراوی و باغی شار بوون. هەر بۆ ئەو مەبەستە باوکم لە ساڵی (١٩٢٥) لەگەڵ (حوزنی)ی برایدا ڕوویان کردووەتە باشووری کوردستان و یەکەمین ئامێری کامێرای هێناوەتە باشوور و خۆی بە وێنەگرتن خەریک کردووە، هەر بە یەکەم کەسیش دەژمێردریٚ کە کامێرای هێنابێتە ئەم شارە و باشووری کوردستان".

مامۆستا گیو موکریانی لەم ستۆدیۆیەدا دەستی کردووە بە وێنەگرتنی کەسایەتیە دیارەکان و قوتابیانی هەولێر و دەوروبەری، بۆ نیشتەجێبوونی هەمیشەیی خۆی سەرەتا خانووێکی لە گەڕەکی (تەعجیل) بەکرێ گرتووە و لە دوایشدا گواستویەتیەوە بۆ گەڕەکی (تەیراوە) و بووە بە کرێچی (بیلال سەوزەچی) باوکی مێژوونووس زوبێر بیلال.

لەو کارەی بەردەوام بووە و بە تەواوی تێکەڵی خەڵکی هەولێر بووە، تا لە ساڵەکانی جەنگی جیهانی دووەم، شوێنی ستۆدیۆکەی گواستۆتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە (حوزنی) لە ساڵانی ١٩٣٤ و ١٩٣٥ ئامێری چاپخانەی تێدا دانابوو، ئەو چاپخانەیەی کە لە کاتی خۆیدا لە شاری موسڵ کڕیبووی، بەڵام دوای ماڵئاواییکردنی حوزنی لە ١٩٤٧/٩/٢٠، مامۆستا گیو موکریانی چاپخانەکەی لە ڕواندزەوە گواستەوە هەولێر و لە پاڵ ئامێرەکەیدا داینا، ئەوە بوو هەردوو ئامێرەکەی چاپ کەوتنە گەڕ و لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو توانی چەند ژمارەیەک لە ڕۆژنامەی (هەولێر) و فەرهەنگی ڕابەر و فەرهەنگی مەهاباد و فەرهەنگی کۆلکەزێڕینە و دەیان دیوانی پێ بە چاپ بگەیەنیٚ، ئەوکات ئەم چاپخانەیە تاکە دەزگای ڕۆشنبیری و شارستانیی شاری هەولێر بوو.

د. کوردستان موکریانی لە گێڕانەوەیەکی تردا ئاماژەی بەوە داوە هەرگیز ئەو هەڵوێستەی باوکی لەبیر ناچێتەوە، کە ساڵی ١٩٧٢ کۆمەڵێک هۆنراوەی خۆی لەنێو دیوانێکدا کۆ کردۆتەوە و ناوی لیٚ نابوو قاسپەی کەو، دکتۆر وریا عومەر ئەمین مۆڵەتی چاپکردنی لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی بەغدا بۆ وەرگرتبوو، بەهیوا بوو باوکی لە چاپخانەکەی خۆیان ئەم دیوانەی بۆ چاپ بکات، کەچی بۆی چاپ نەکرد و پێی گوتبوو "تۆ ئێستا مامۆستایت، مووچەیەکی باش وەردەگریت و مەسروفی کەسیش ناکەیت، دەتوانیت پارەکەت کۆ بکەیتەوە و لە چاپخانەی دیکە چاپی بکەیت، بەڵام سالم و نالی و وەفایی و ئەدیب و ئەحمەدی خانی، ئەوانە کەسیان نییە، من هەر هی ئەو بێکەسانە چاپ دەکەم، تا لە نەمان و فەوتان ڕزگاریان بکەم"، د. کوردستان دەڵیٚ "بەڕاستی من هەرگیز چاوەڕێی ئەم وەڵامەم لە باوکم نەدەکرد، بۆیە لەبەر دڵم گران بوو، لە هەمان کاتیشدا باوکم لەبەرچاوم گەورەتر بوو".



---

### بتشکێن



گۆران سەباح

## بوکتۆک لۆ کوردەبۆری

بوکتۆک کۆمەڵگەیەکە لە ناو تۆڕی کۆمەڵایەتیی تیکتۆک. نووسەران و خوێنەران لە هەموو قوژبنێکی دنیا، لەویٚ باس و پێشنیاری کتێب دەکەن، دەیناسێنن و ڕەخنەی لیٚ دەگرن، شەنوکەوی دەکەن. هەندیٚ جاریش لە ڕێی کۆمیدیاوە، خەڵک ئاشنای کتێب دەکەن.

دایمە پێم وایە، تۆڕەیلی کۆمەڵایەتی چەند زیانیان هەبێت، دە هێندە سوودیان هەیە، دەگەڕێتەوە سەر بەکاربەرەکە، کێهان ڕیٚ بگرێتە بەر، ڕاست یان چەپ. کوو وە بکەین بەکاربەری کورد ڕێیە ڕاستەکە هەڵبژێرێت، واتە، سوود لە تۆڕەیلی کۆمەڵایەتی وەکی بوکتۆک وەرگرێت؟

هەتا ئێواریٚ برێسی، باسی سوودەکانی بوکتۆک بۆ کوردەبۆر بکەی، فایدەی نییە. کڵاشت دەدڕیٚ و چت پیٚ نابڕێت. تاک، خۆی هۆشیار نەبیٚ، بە هەزاری وەکی من هۆشیار نابێت. ئیٚ چار چییە؟ چار ماڵ و قوتابخانەیە.

دایباب لە منداڵان نەخوڕن لە ماڵیٚ، پەلزەفتیان نەکەن، مۆبایلیان لیٚ نەستێنن. چ بکەن؟ باشترین نموونە بن، منداڵانیش چاویان لیٚ دەکەن. بێتو دایباب بوکتۆک بەکار ببەن و بە منداڵەکانیان بڵێن، "ئەها ئەو شتە لە تیکتۆک زۆر باشە، ئەمن سوودی لیٚ وەردەگرم"، ڕەنگە منداڵەکانیش بیجەڕبێنن. بەس بێتو دایباب هەتا نیوەی شەویٚ تەماشای گەجەروگوجەری تیکتۆک بکەن، منداڵەکانیش چێتر نابن. ئەوجە بەختی مە، هەرچی فاشیل و چەرچیوپەرچی هەیە، ئەستێرەی تیکتۆکن.

دەبیٚ وەزارەتی پەروەردە بەشێک لە وانەی (ئای سی تی) تەرخان بکات بۆ تۆڕەیلی کۆمەڵایەتی. ئەریٚ وەزارەت ئەقلی بەو شتانەدا دەشکێت؟


نووسەرێکی گەنج و بە بڕ هەیە: کامۆ ئاراز. ئەویٚ ڕۆژیٚ لە یوتیوب ڕۆمانی "پیاوی ناو تاریکی" ناساند، کە هەر خۆیشی لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە. کوردەبۆر هۆشیار با، دەبا ئێستە ئەو ڤیدیۆیە زۆرترین نۆڕین (ڤیو)ی هەبا. ئیدی بەزمەکە ئەوهایە، خەڵک بێز لە شتی باش دەکەنەوە، مەگیرانیش دەکەن بە شتی هیچ.

بوکتۆک هەندە نییە هاتیتە گۆڕیٚ: ٢٠٢٠. لە دوو سەت ملیار زێتر نۆڕینی هەیە. فرۆشی کتێبی ئۆنلاینی سەتا بیست و پێنج بەرز کردیتەوە. گەشەی چاپکردنی کتێبی لە ئەمەریکا سەتا نۆ زیاد کردیە.

ئەویٚ ڕۆژیٚ لە کتێبخانەیەک بووین. کچەکەم ڕۆمانی «خەڵکی ئاسایی Normal People»ی بۆ پێشنیار کردم. ئەمنیش گۆتم ئەوەت لە کێندەر دیتەوە، گۆتی لە بوکتۆک. کڕیم و خیندمەوە، ڕۆمانێکی نایابە.

# بەسەرهاتی ئەو مامۆستایەی لەسەر ئەی ڕەقیب سزا درا

د.سنور سدیق


وێنەی ژێریی دەستکرد

بەری پتر لە ٧٠ساڵ، مامۆستایەکی کورد بەهۆی گوتنەوەی شیعری ئەی ڕەقیب لەناو قوتابخانەکەیدا، لە پیشەی مامۆستایەتی دوور خراوەتەوە و بۆ ماوەی شەش مانگیش لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ئەوسای عێراقەوە دەستگیر کراوە

بەپێی چەند بەڵگەنامەیەک کە دەست (گڵکەند) کەوتوون، یاریدەدەری ئەمنیی هەولێر ڕۆژی ١٤ی ئەیلوولی ١٩٦٣ نووسراوێکی ئاراستەی موتەسەریفیەی لیوای هەولێر (پارێزگای ئێستا) کردووە، ئاماژەی بە نووسراوی ژمارە ٥٠٨ی حەرەس قەومیی ئەوکات لە ڕۆژی ٣ی تەمموزی ١٩٦٣ دەکات.

یاریدەدەرێتیی ئەمنیی هەولێر ڕوونی کردووەتەوە، مامۆستا سامی عەبدولقادر لەسەر گوتنەوەی سروودێک بە قوتابیان، کە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەش بە نووسراوێک لە ٣٠ی تەمووزی ١٩٦٣ سەلماندوویەتی سروودەکە لە چوارچێوەی پرۆگرامی خوێندندا نییە، ڕۆژی ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ دەستگیر کراوە. ئەو سروودەی مامۆستا سامی عەبدولقادر لەسەری دەستگیر کرا، سروودی ئەی ڕەقیب بوو، کە لەسەر کاغەزێک نووسراوەتەوە و دواتر لە فەرمانگە ئەمنی، هەواڵگری و ئیدارییەکانی ڕژێمی عێراق لەو کاتەدا، خراوەتە ناو فایلی ئەو مامۆستایە. هەروەک لە نووسراوەکاندا هاتووە، مامۆستا سامی عەبدولقادر ڕۆژی ٣ی کانونی یەکەمی ١٩٦٣ بە کەفالەت ئازاد کراوە و دواتر بە یەکجاری بڕیاری ئازادکردنی دراوە.

دوای شەش مانگ لە دەستگیرکردن و ڕاگرتنی ئەرکی فەرمانبەرییەکەی وەک مامۆستا، ڕۆژی ١٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٣، مامۆستا سامی لە نووسراوێکدا بۆ موتەسەریفی لیوای هەولێر، داوای کردووە ڕەزامەندی بدات لەسەر گەڕانەوەی بۆ ئەرکی مامۆستایەتیی خۆی. دوای داواکارییەکەی مامۆستا سامی، بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە و فێرکردنی لیوای هەولێر بە نووسراوی ژمارە ٢١٧٥ لە ڕۆژی ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٣، داوای ڕوونکردنەوە (هەڵوێست)ی لە بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی سەربازی و موتەسەرفیەتی لیوای هەولێر کردووە، تا بتوانن بڕیار لەبارەی گەڕاندنەوە بۆ سەر ئەرکی مامۆستایەتیی مامۆستا سامی، بدەن.


هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە داوای هەڵوێستی لە موتەسەریفی لیوای هەولێر کردووە، بەڵام بەهۆی عەسکەرتارییەتی حکوومەتەکانی عێراق، موتەسەریف نەیتوانیوە بڕیاری کۆتایی بدات و ئەویش بە نووسراوێک لە ٣٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٣، داوای هەڵوێستی لە حاکمی عەسکەریی ناوچەی باکوور کردووە، ڕەزامەندی لەسەر خستنەوە سەر ئەرکی مامۆستایەتیی مامۆستا سامی، بدات.


# لە هەولێرێ دوو مەلا لەسەر نەورۆز دەستگیر دەکرێن

گڵکەند

نەورۆزی ساڵی ١٩٤٨ە و دوو مەلای برا لە هەولێرێ یادی نەورۆز دەکەنەوە، بەم هۆیەوە هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەستگیریان دەکەن و ڕەوانەی دادگا دەکرێن. بەپێی نامەیەک کە دەست (گڵکەند) کەوتووە، مەلا محەمەد فەرهادی و مەلا برایم فەرهادی هەردوو مەلا و زانای دیاری هەولێرێ لەسەر یادکردنەوەی نەورۆز دەستگیر کراون.

لە نامەکەدا کە مەلا محەمەد فەرهادی بۆ مەلا سادقی فەرهادی برای ناردووە، حوکمەکەی دادگای بۆ ڕوون کردووەتەوە.


مەلا سادق فەرهادی


مەلا ئیبراهیم فەرهادی


مەلا محەمەد فەرهادی


ئەمەش دەقی نامەکەیە:

**برای خۆشەویستم سادق صانک الله امین لە الحمد ڕۆژی چوارشەمبە کە موصادفی بیست و یەکی ٢١/تەموزە هومان تبریه بوین الا عونی یک سال و نیو و شیخەشله یک سال حکمیان درایی و هر پنج آغایەکان هریکی پنج صد دینار تامینات بدن هتا سالیک هیچ نەکن. خالص جواد چوار صد دینار بدات وکو وان و دوکسیش کفیل شخصی بدن یعنی عاسم و فائیق نادر . باقی تبریه . امە بو قرار حکم . چاوی منالکان ماچاکم**

ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی نامەکە:

* پارێزەر عەونی یوسف و شێخەشەل دوو کەسایەتیی ناسراو و سیاسیی هەولێر بوون.
* مەبەست لە پێنج ئاغایەکان ئەمانە بوون: ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی، ئەنوەر حەمەدەمین دزەیی، د. ئەنوەر دزەیی، جەوهەر حوسێن مەلا دزەیی، ڕەقیب حوسێن مەلا دزەیی، عەلی فەتاح دزەیی.
* خاڵس جواد: مامۆستا شێخ خاڵس جەواد.
* عاسم: عاسم حەیدەری.
* فائیق نادر: وەبەرهێنێکی هەولێر بوو.

# چیرۆکی چایەخانەی مەچکۆ



گڵکەند

زیاتر لە هەشتا ساڵە چایەخانەی مەچکۆ وەکو شوێنێکی دیاری شاری هەولێر دەرکەوتووە، لە ساڵانی پەنجا و شەستەکانەوە شوێنی بە یەکگەیشتنی ڕێبوارانی شار و گوندەکانی دەوروبەری هەولێر بووە، ساڵانێکی زۆریش هەر لەگەڵ گەردی بەیانییەوە هەواری وەستا و کرێکارانی بیناسازی بووە، لەوێوە کار و کەسابەتی خۆیان ڕێک خستووە و ئێوارانیش هەر لەوێندەرێرا دەگەڕانەوە و بەرنامەی سبەینێیان دادەنا.

تەلاری چایەخانەی مەچکۆ ساڵی ١٩٤٠ لەلایەن حاجی محەمەد قاسم توتنچیی ناسراو بە حاجی قەرۆک دروست کرا. یەکەم چایەچی کە لەو چایەخانەیە کاری کردبێت حەسەن ڕەزا بوو و تا ساڵی ١٩٥٠ لەوێ مایەوە. ساڵی ١٩٥٠ تا ١٩٥٢ش پیاوێکی دیکە بەناوی عەباس عوسمان چایەخانەکەی گرتەوە. دواتر مەجید چایەچی کە پێشتر چایەخانەیەکی بچوکی لە کۆڵانی مزگەوتی ئاڵتی بەرماغ لەناو قەیسەری هەبوو، چایەخانەی گرتەوە و لەو ڕۆژەوە بە چایەخانەی مەچکۆ ناسرا

لە لای راستی چایەخانەی مەچکۆ دوکانێکی راست هەبوو بەناوی مەکتەب ئیستیعلامات بەریتانی، کە وێنەیەکی جۆرجی شەشەمی پاشای ئەوکاتی بەریتانیا و وێنەیەکی وینستن چەرچڵی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیای لێ هەڵواسرابوو.

چایەخانەی مەچکۆ بە درێژایی ئەو کاتە بەدەست کوڕ و نەوەکانی مەجید چایەچییەوەیە. سەرەتا تەحسین مەچکۆ بەڕێوەی دەبرد، کە کەسێکی قسەخۆش و دۆستی هەموو لایەک بوو، دوای ئەویش موحسین مەچکۆی برای هاتە سەر چایەخانەکە و تا ئێستا بەڕێوەی دەبا.

چایەخانەی مەچکۆ لە سەرەتای هەشتاکانەوە بووەتە خەڵوەتخانەی نووسەر و هونەرمەندان. ڕۆژانە دەرژانە پەناوپێچی ئەو چایەخانەیە و هەریەک لە سووچێکدا خەریکی گفتوگۆی ئەدەبی و هونەریی خۆی دەبوو. زۆر جاریش بە ترس و لەرزەوە هەندێ کتێب و بەیاننامەی سیاسیی قاچاغیان لە سووچەکانی ئەو چایەخانەوە ئالوگۆڕ دەکرد. لە هەمووش جوانتر لەم چایەخانەیە هەڵوێستی کاکە تەحسین بوو، کە ئەگەر کەسێکی غەریب و غەیرە کورد سەری بە چایەخانەدا بکردایە، کۆد یان شیفرەیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو و هاواری دەکرد (گیانە)، یانی ئاگاتان لەخۆتان بیت کەسی نەناسراو هاتووە.

چایەخانەی مەچکۆ وێستگەی نووسەر و هونەرمەندانی شارەکانی دیکەی وەکو سلێمانییش بوو بۆ دیتنی یەکتر و نووسەر و هونەرمەندانی هەولێر. ئینجا کە ئێوارە دادەهات، مەفرەزە ئەدەبییەکەی وەکو مەحمود زامدار بەرەو یانە و مەیخانەکان بەڕێ دەکەوتن و تا درەنگی شەو دەردەدڵی شیعر و نووسین و هونەری دەکرا، بۆ سبەینەکەش، هەر بە هەمان ڕێچکەی دوێنێ، دەگەڕانەوە کون و قوژبنەکانی چایەخانەی مەچکۆ

# گازینۆ عەنتەر ناوەندی پیاوماقوڵانی شار

**دوین ئاریان**

نزیکەی نیو سەدەیە شوێنەواریشی نەماوە، بەڵام ناوەکەی تا ئێستا لەسەر زار و یادەوەریی هەولێرییەکانە، تەنانەت بۆ ناونیشانی شەقامی سەرەکیی تەیراوە و چوارڕیانەکەی، خەڵکی هەولێر هێشتا چەمکی (نێزیک گازینۆ عەنتەر) بەکار دەهێنن.

ئەو شوێنە یەکێک لە ئادگارە لەبیرنەکراوەکانی شارە و سەردەمێک شوێنی کۆبوونەوەی پیاوماقوڵ و کاسبکار و یاریزانانی هەولێر بووە، لەلایەن حاجی عەنتەرەوە بەر لە ٦٠ ساڵ دروست کراوە.

عەلی عەنتەر کوڕەزای حاجی عەنتەر باسی ڕەچەڵەکی بنەماڵە و پاپیرەی خۆی دەکات کە ناوی تەواوی حاجی عەنتەر، پیرداود حەمادی حەسەن خدر مەحموود یەعقوبی ئەلبەیاتی بووە، مەبەستیش لە ئەلبەیاتی تیرەکەیە کە ٧٠٠ ساڵ پێش ئێستا لە گوندی قەرەناسی ناوچەی توزخورماتوو بووە، کاتی خۆی باوکی حاجی عەنتەر کە حەمادییە لە یەکێک لە شێخەکانی پیرداود ئاواتی کوڕێکی خواستووە، چونکە کوڕی نەبووە، ئیدی خودا کوڕێکی پێ داوە و ناوی ناوە پیرداود.

عەلی عەنتەر باسی هەڵبژاردنی نازناوی عەنتەر بۆ حاجی پیرداود دەکات و دەڵێ لە مێژووی عەرەبیدا کەسایەتییەکی زۆر گرنگ و ئازا و سوارچاک هەبووە بە ناوی عەنتەر بن شەداد و حاجی پیرداودیش لە منداڵییەوە ئەرکی پەروەردەکردنی دایکی و خوشکەکانی لە ئەستۆ گرتووە و کەسێکی بەهێز بووە لە ئیشکردندا، هەروەها لە سەرەتای ژیانی سەرکاری بینا دروستکردن بووە و پاشان بووەتە بەڵێندەر و سەرپەرشتی چەند بینایەکی فەرمانگە و قوتابخانەی لە هەولێر و تەلعفەر و ئاکرێ و ڕواندز و سەروچاوە و سماقول کردووە.

کوڕەزاکەی حاجی عەنتەر باس لەوەش دەکات کە ئەوەی لە باوپاپیراناوە گوێیان لێ بووە لە ساڵی ١٩٥٩ لە چوارڕیانی تەیراوە، لە کۆتایی شەقامی پزیشکانی ئێستا، گازینۆ عەنتەر دروست کرا و تا ساڵی ١٩٧٠ بەردەوام بوو



حاجی عەنتەر



وێنەیەکی بەردەم گازینۆ عەنتەر ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو

لە رابردوودا گازینۆ وەکو ئێستا تەنها شوێنی گەنجان نەبووە، بەڵکو گازینۆ عەنتەر شوێنیک بووە کە هەموو تەمەنەکانی تێدا کۆ بووەتەوە و ئەو چینانەی سەردانی ئەو گازینۆیەشیان دەکرد، زۆربەیان پیاوماقوڵانی هەولێر و سیاسەتوان و ڕێکخستنە نهێنییەکان و کادیرانی حزبی شیوعی بوون، بەپێی هەندێک لە زانیارییە مێژووییەکانیش بەشێک لە کۆبوونەوە نهێنییەکانی کادیرانی حیزبی شیوعی لەوێ دەکرا، هەر بۆیە بەهۆی بوونی ئەو جووڵە سیاسییەی کە لەناو گازینۆیەکەدا هەبووە لە سەردەمی خۆیدا بۆ ماوەی پێنج جار لە لەلایەن حکوومەتەوە داخرا، هەروەها لەو بنەماڵە هەولێریانەی سەردانی ئەو گازینۆیەیان دەکرد، بنەماڵەی یەعقوبییەکان و دزەییەکان بوون.


عەلی عەنتەر پێی وایە جگە لەوەی ئەو گازینۆیە شوێنێک بووە بۆ ئەنجامدانی چالاکییە سیاسییەکان، هەروەها ناوەندێکی کولتووری و هونەری و ڕۆشنبیریش بووە، قسە و باسی ئەدەبی و چیرۆک و بەسەرهاتە کۆمیدییەکانیشی تێدا کراوە، بە تایبەت لەلایەن کاسبکارانەوە دوای ئەوە کە ڕۆژانە ماندوو دەبوون بۆ ساتێک پشوودان سەردانی ئەو گازینۆیەیان کردووە، هەروەها هەریەک لە گۆرانییەکانی هونەرمەندان مشکۆ و شەهابە و ڕەشید کولەڕەزا و عیزەدین نیعمەت و تاهیر تۆفیق و سەلاح داودە و هەندێک لە گۆرانییە فولکلۆرە کوردییەکان و تورکمانییەکان و عەرەبییەکان لەو شوێنە لێ دراوە.

سەبارەت بە فرۆشتنەوەی گازینۆیەکەش، عەلی دەڵێ لە ساڵی ١٩٧٢ حاجی عەنتەر بڕیاری دا بچێتە ماڵی خودا و حەج بکات، ئیدی پێش ئەوەی سەفەرەکەی بکات لە ساڵی ١٩٧٠ باڵەخانەی گازینۆیەکەی فرۆشت، بۆ ئەوەی دوای حاج واز لە کاری گازینۆ بێنێت.

حاجی عەنتەر لە (١٩٩٨/٥/١٣) لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد لە مەزاری ئیمام مەحمەد نێژراوە. شێرزاد شێخ محەمەد نووسەری کۆچکردووی شاری هەولێر لە توێژینەوەیەکدا باسی گازینۆ عەنتەری کردووە و دەڵێ حاجی پیرداود بەسەرپەرشتی خۆی ئەو گازینۆیەی لە ساڵی ١٩٥٩ لەسەر ڕووبەری ٥٥٠ مەتر دووجا دروست کردووە، هەموو چینەکانی هەولێر سەردانی ئەم گازینۆیەیان دەکرد بەتایبەتی مامۆستایان و فەرمانبەران و ئەندازیاران، هاموشۆکەرانی گازینۆکە کۆمەڵ کۆمەڵ دادەنیشتن و لەسەر دۆخی سیاسیی عێراق دەدوان، بۆیە ساڵی ١٩٦٣ دوو جار حکوومەت دایخست و چەند کەسێکیشی لێ دەستگیر کرا.

لە کۆتایی حەفتاکان گازینۆ عەنتەر کرا بەبارەگای یانەی وەرزشیی هەولێر، لەو سەردەمەی مامۆستا سمکۆی کوڕی حاجی ئیبراهیم حەلاق و چەند یاریزانێکی دیکەی یانەی هەولێر سەرپەرشتیاری ئەم یانەیەیان دەکرد.

پاش چەند ساڵێک ئەم یانەیەش گوازرایەوە و بیناکە چەند ساڵێک داخرا، لە ساڵی ١٩٨٠دا گازینۆی عەنتەر ڕوخێندرا و چەند بینایەکی تازە لەسەر زەویەکەی دروست کران.





وێنەی ژیریی دەستکرد

**لیوای مافپەروەر فاروق ئیبراهیم شەریف**
**نووسەری کتێبی مێژووی پۆلیسی هەولێر 1921 - 1991**

## مەئمورێکی بەریتانی یەکەم بنکەی پۆلیسی دامەزراند

# لە هەولێر تەنها پیاو بەند دەکران

هەژار مەجید

ئەگەرچی هەڵکشانی تەمەن و خراپیی باری تەندروستیی زەفەری پێ بردووە، بەڵام ڕۆژانە بەدەستە لەرزۆکەکانی پەڕەی ئەو یادگارییانە هەڵدەداتەوە کە ساڵانێک وەک ئەفسەرێکی کاریگەر لەنێو سوپا و پۆلیسدا خزمەتی کردووە.

لیوای خانەنشین فاروق ئیبراهیم شەریف لە کتێبێکدا مێژووی دامەزراندنی پۆلیسی هەولێری تۆمار کردووە، هەوڵی داوە ورد و درشتی ئەو مێژووە وەک خۆی بگێڕێتەوە، بەشێکیشی لە کتێبەکەی کردووە بە وێنەی ئەو ئەفسەر و پۆلیسانەی ساڵانێک بۆ خزمەتی شاری هەولێر تێکۆشاون.

لیوا فاروق بەر لە حەفتا و چوار ساڵ لە خانوویەکی کەرپووچی سەر کاریتەی قەڵای هەولێر لەدایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٤ بە پلەی ملازمی دوو کۆلێژی پۆلیسی بەغدا تەواو دەکات، هەر لەو ساڵەدا وەکو ئەفسەر لە پاسەوانی سنوور سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراق دادەمەزرێت لە سنووری نێوان عێراق — ئوردن دەستبەکار دەبێت.

لیوا فاروق چیرۆکی دامەزرانی یەکەم بنکەی پۆلیس و دواتر بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە و دەڵێ دوای هاتنی بەریتانییەکان بۆ عێراق، یەکەم بنکەی پۆلیسی هەولێر لە ساڵی ١٩٢٢ لە قشڵەی (سواری) لە گەڕەکی عارەبان دامەزرا، مستەر شبرت یەکەم مەئمووری پۆلیسی بەڕیتانییەکان بوو وەک خۆبەخش هاتە هەولێر، (شەبانە) واتا پۆلیس کە لە خەڵکی شاری هەولێر پێک هاتبوون، لەسەر دەستی ئەو پێک هێنرا.

دواتر لە چەند گەڕەکێکی تر بنکەی پۆلیس کرانەوە، تا ساڵی ١٩٢٥ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر دامەزرا و (رائید عەلی سەروەت) کە بەڕەگەز عەرەب بوو، کرا بە بەڕێوەبەری پۆلیس، ئەگەرچی تۆمارێکی فەرمی ئەو سەردەمە لەبەردەستدا نییە، بەڵام بەپێی بەدواداچوونەکان ژمارەی ئەفسەرەکان زۆر کەم بوون و زیاتر پۆلیسەکان کاروباری ڕۆژانەیان بەڕێوە بردووە.

هەروەها دەڵێ هەموو بەشەکانی پۆلیس بەیەکەوە لە بەڕێوەبەرایەتییەک بوون، دواتر لە ساڵانی حەفتاکان، بەشی ڕەگەزنامە و هاتوچۆ و بەشەکانی تر لە پۆلیس جیاکرانەوە، دەشڵێ ژمارەی کارمەندەکان زۆر کەم بوون، بۆ نمونە هاتوچۆی هەولێر تەنها ٢٣ کارمەندی هەبوو.

لەبارەی جۆری ئۆتۆمبێل و چەکی پۆلیسیشەوە دەڵێ چەکەکان وەکو ئەو چەکانە بوون کە لای سووپا هەبوون، چەکی ڕەشاشی متەوەست و برێن و فیکەچ و سیمینۆف و بڕنۆ، ئۆتۆمبێلەکانیش موسەلەحە و پیکاب بوون، تەنها بەڕێوەبەری پۆلیس ئۆتۆمبێلی تایبەتی هەبوو.

لیوا فاروق باسی زیندانییەکانی ئەو سەردەمە دەکات کە تەنها بۆ پیاوان بوون و بۆ ئافرەتان نەبوو، ئەگەر ئافرەتێک تاوانێکی کردبا لەماڵی موختاری گەڕەک ڕادەگیرا، هەروەها ئامێری ئاشکراکردنی تاوان و هەڵگرتنەوەی بەڵگەی تاوان نەبوو، بەڵکو پشت دەبەسترا بە توانا و زیرەکی ئەو پۆلیسەی کە بەکارەکە هەڵدەستان.

ئەو لیوا خانەنشینەی هەولێر باسی ڕۆڵی پۆلیس دەکات لە شۆڕشی ئەیلوول و چیرۆکی ئازایەتی دوو پۆلیسی هەولێر دەگێڕێتەوە بە ناوەکانی عەریف عوسمان و عەریف سلێمان، کە لە ساڵی ١٩٦٤دا عەمباری چەکی پۆلیسی هەولێر لەگەڵ خۆیان دەبەن بۆ نێو شۆڕشی ئەیلوول کە لە دەیان چەکی سووک و مامناوەند پێک هاتبوون. دەشڵێ بارزانی نەمر هەمیشە سوپاسی پۆلیسی دەکرد کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە هاوکاریکردن و سەرخستنی شۆڕش.

ئەوەش باس دەکات کە تا ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لەنێو پۆلیسدا دەسەڵات نەدەدرا بە ئەفسەرە کوردەکان، تاوەکو بتوانن ڕۆڵ بگێڕن لە خزمەتکردنی پۆلیس، بەڵام دوای ڕێککەوتنامەکە چەند ئەفسەرێکی کورد توانیان لە پۆلیسی بێنە پێشەوە و ڕۆڵێکی کاریگەر ببینن، وەکو عەقید سەبری عەبدوڵڵا، ساڵح خۆشناو، حوسێن شێروانی، ڕەزا گۆڵانی و جەمال ئەتروشی، بۆیە ئەو سەردەمە بە سەردەمی زێڕینی پۆلیسی هەولێر هەژمار دەکرێت، چونکە بۆ یەکەم جار ئەفسەرێکی بە ڕەگەز کورد بوو بە بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، هەروەها هەماهەنگی لە نێوان پێشمەرگە و پۆلیسدا دروست بوو

لیوا فاروق تا ساڵی ١٩٩٨ لە بەغدا دەمێنێتەوە و دواپلەشی عەمید دەبێت، دواتر بە ڕێگەی قاچاخ دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٢ کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەدین تەواو دەکات، نزیکەی ١٥ ساڵ لە کۆلێژی پۆلیسی هەولێر مامۆستا بووە، ساڵی ٢٠١٤ بە پلەی لیوای مافپەروەر خانەنشین دەبێت.

# دەهۆڵ و زوڕنا بە ئیجازەی موتەسەریف

**نازم دڵبەند**

ڕەوانشاد محەمەد مەولود مەم لە ژیانی فەرمانبەرێتی خۆیدا، هەر بە تەنها بایەخی بە کۆکردنەوەی بەڵگەنامە ئەدەبییەکان نەداوە، بەڵکو بۆ پاراستنی مێژووی دوارۆژی کارەکانی (شارەوانیی هەولێر)، زۆر بە وردی هەر نووسراوێک پەیوەندی بە هەولێر و هەولێرییەکانەوە هەبووبێت دانەیەکی لای خۆی هەڵگرتووە و خستوویەتیە ناو ئەو باولەی کە ئەمڕۆ بووەتە سەروەتێکی بە نرخی بەڵگەنامەیی. ئەوەتا لە دوای خۆیدا وەکو میراتێکی زیندوو لەسەر لاپەڕەکانی (گڵکەند) بڵاوی دەکەینەوە و بە بیری ئەم نەوەیەی دەهێنینەوە، کە جاران فەرمانبەران چەند پەرۆشی کارەکانیان بوون و چەند لە خەمی مێژووی مانەوەی شارەکەیاندا بوون.


یەکێ لەو بەڵگەنامانە باس لە حەساری (سەلیم خەیات) لە گەڕەکی خانەقا دەکات، دیارە ئەم حەسارە زۆر کۆنە و خەڵکیشی تێدا دەژی، بۆیە لەلایەن سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر بەشی قەڵەمی (التحریرات) نووسراوێکی بەپەلە بۆ بەڕێوەبەری پۆلیسی لیوای هەولێر بە ژمارە ٤٣٨ لە ١٩٣٩/٣/٢٩ کراوە کە خەڵکە نیشتەجێبووەکەی ناو حەسارەکە ئاگادار بکرێنەوە بۆ بەجێهێشتن و بەتاڵکردنی، چونکە ترسی روخانی لێ دەکرێ، ئەمەش هەر بۆ پاراستنی گیانی خەڵکەکە بووە، وەک لەم بەڵگەنامەیە دەردەکەوێ.


هەر لەناو باوڵی بەڵگەنامەکانی (مەم)دا، ئەمجارە بەڵگەنامەی نووسراوی یوزباشی (تۆفیق فایق ئەفەندی) م دۆزیەوە، لە نووسراوی ٢٩٨٢ لە ٤/ تشرینی دووی ساڵی ١٩٢٤ بەمەبەستی خانەنشینبوونی لە بەشی باری شارستانی لە شەقڵاوە کە (١٠٠) روپیەی بۆ دەرچووە و داواش کراوە بە خێرایی کارەکانی بۆ تەواو بکرێ.

لە بەڵگەنامەیەکی تریشدا هاتووە کە لە ساڵی (١٩٤٦) مۆڵەتی دەهۆڵ و زوڕنا دراوە. لەم بەڵگەنامەیەدا رێکخستنی کارەکانی هاووڵاتییان رەنگی دەداتەوە، کە ژیانی رۆژانە بەر لە دەیان ساڵ چەند بە ڕێکوپێکی و بەشێوەی یاسایی بەڕێوەچووە، هەروەها دەرکەوتووە کەس بەبێ مۆڵەت نەیتوانیوە کەیف و سەفا و میوزیک و دەهۆڵ و زوڕناش بەکاربهێنێ.

لە بەڵگەنامەکەدا دیارە کە رەفیقی حاجی مستەفا لە هەولێر عەرز و حاڵێکی داوەتە موتەسەریف هەتا مۆڵەتی ئەوەی پێبدرێ بۆ ماوەی دوو رۆژ دەهۆڵ و زوڕنا لە کاتی رۆژدا لێ بدرێت، موتەسەریف بە نووسراوی ٤٣١٨ لە ١٩٤٦/٦/١٦ نووسراوی رێگاپێدانی بۆ کردووە بۆ سەرۆکایەتی شارەوانیی هەولێر.




الحكومة العراقية
دائرة متصرفيتى لوابى هولير العدد ٤٧١٨
قلم تحريرات التاريخ ٤٦/٦/١٦
الموضوع دول وزرنا ليدان
بو رئاستى بلديەى اربيل
نيشانەى هاميشتانە زمارە ١٤٠٧ وروز ٩٤٦/٦/١٢ كە لە سر عرضحالى رفيق كورى حاجى مصطفى نوسراوە.
بو دوروز بوليدانى دول وزرنا بە روز بە مستدعى مرقوم اجازة دران موافقە "
و. متصرفي لواء اربيل
صورتى بو" -
مديريتى بوليس لوا - بو آگادارى.



شەوقی زەردەپەڕ



عەبدولڕەحمان فەرهادی

# بورهان جاهید

نزیکەی پەنجا ساڵێک لەمەوبەر، کە مێرمندااڵ بووم، ماڵمان نزیک منارەی چۆلی و بەرانبەر بەڕێوەبەرایەتیی ئەشغالی هەولێر بوو، ڕۆژانە پیاوێکی چاکەت لەبەری باریکەلەی ڕەشتاڵەم دەبینی، بە لارەلار لە دەرگای ئەشغال دەچووە ژوورەوە، لە برادەرانی لەخۆ گەورەترم بیستبوو کە ئەو پیاوە شاعیرە.

وشەی شاعیر زۆر سەرنجی ڕادەکێشام، پێموابوو لە خەڵکی ڕەشۆک و عەوام جودان. هۆکارەکەی سەرسامیم بوو بە شیعرە جوانەکانی نێو کتێبی قوتابخانە کە پێشتر چەند دەقێکی شاعیرانی کوردمان خوێندبوو. بەو تەمەنەی خۆم ڕۆژانە دیقەتم لە سەروسەکوت و بەژن و باڵای مامۆستای شاعیر دەدا و تێی ڕادەمام. ڕۆژێکیان لێی نزیک بوومەوە و بوێرانە چاکوچۆنیم لێ کرد، مەگەر خوا بزانێ چەند خۆشحاڵ بووم بەوەی بە ڕووێکی خۆشەوە وەرامی دامەوە.

ئینجا وێڵی دوای ئەوە بووم کە ناوی چییە. ئەوە بوو دواتر زانیم ئەمە شاعیری کورد بورهان جاهیدە، شیعرەکانی لە کەرکووک لەلایەن حەمەدەمین عەسرییەوە بەناوی دیوانی بورهان بەگی هەولێری چاپ کرابوو، ئەم دیوانە لە ماڵەوەمان هەبوو، بۆیە بینینی وی وای کرد بە یەک ڕۆژ هەمووی بخوێنمەوە.

جاهید لە بنەماڵەیەکی ڕەسەنی دۆغرەمەچییەکانی هەولێرە و لە هۆزی جافن، ئەوکات کارمەندی ئەشغال بوو، ساڵانی دواتر زانیمەوە بەهۆی شاعیر و ئەندازیاری ڕەوانشاد جەلال مەدحەت خۆشناوەوە، بۆ ڕزگاربوونی لە نەداری و بێکاری، بە مانگانە لەوێ دامەزرابوو. جاهید هاوتەمەن و هاوڕێی نزیکی دڵداری شاعیر بووە، دڵدار زۆر سەرسامی توانای شیعری و شیعرەکانی بووە و بەیەکەوەش شیعریان نووسیوە.

چەند ساڵێک دواتر، بەردەوام بورهان جاهیدم دەبینی و کوڵێ دڵخۆش دەبووم کە وەرامی سڵاوەکەم دەداتەوە. هاوینی ١٩٨٩، ئێوارەیەکیان لە دوکانی ناسیاوێکم بینیم و داوام لێی کرد بە دەستخەتی خۆی شیعرێکم بۆ بنووسێ، قەڵەم پاندانەکەی لێ وەرگرتم و ئەم چوارینەی بۆ نووسیم کە ئێستایش لام ماوە:

بیر و بڕواییت گەر هەبی بەخۆت
ئەبەد ناترسیی لە زنجیر و کۆت
مەزانە عالەم جگەرسۆزتە
کەس گوێ ناگرێ لە داد و ڕۆڕۆت

لەم ساڵانەی دوایی خوالێخۆشبوو مەحموود زامدار بیرەوەرییەکانی جاهیدی دەستکەوت و ناوی لێنا جاهید بگەڕێ، کە کرابووە نامیلکەیەک و لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە چاپ کرا. وەک بیستوومە ئەم نامیلکەیە تەواوی بیرەوەرییەکانی جاهید نییە، بەڵکو زامدار کە دەستنووسەکەی پەیدا کردووە، ئەم چەند لاپەڕەیەی لێ هەڵبژاردووە. هیوادارین ڕۆژێ لە ڕۆژان تەواوی بیرەوەرییەکانی چاپ بکرێت.

# 5000 ساڵە کورد دەیژەنێ

## ئەکادیمیایەك تەمیرە زیندوو دەکاتەوە





**زیرەک تاریق**

ئێوارانی هەموو شەممەیەک لە خانوویەکدا کە کەوتووەتە کۆڵانێکی لابەلای گەڕەکێکی کۆنی هەولێر، دەنگ و سەدای ئامێرێکی ناوازەی مۆسیقا دێتە گوێی ڕێبواران، ئەو ئامێرە بەر لە ٥٠٠٠ ساڵ بە دەست و پەنجەی ئەوانە ژەنراوە کە نیشتەجێی خاکی ئێستای کوردستان بوون.

لەناو ئەو خانووەدا چەندین ئامێری کۆنی مۆسیقا بە دیوارەکاندا هەڵواسراون، ئەکادیمیای مۆسیقای تەمیرە لەوێ کراوەتەوە، کە ناوەندێکی هونەرییە، هەوڵ دەدات میراتی مۆسیقای کوردستان زیندوو بهێڵێتەوە و بیگوازێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

ئەکادیمیای تەمیرە لە حوزەیرانی ئەم ساڵەوە دروست کراوە، بە شێوەیەکی ئەکادیمی لەلایەن مامۆستایان وانەکانی مۆسیقای تێدا دەگوترێنەوە. جگە لە ئامێری تەمیرە، کە ئامێرێکی تەمەن ٥٠٠٠ ساڵە، خەڵک فێری ئامێرەکانی دەف و شمشاڵیش دەکرێن.

تەمیرە، تەمبوور، تەنبوور، تەموورە یان تەمووریشی پێ دەڵێن، بە دایکی هەموو ئامێرە ژێدارەکان دادەنرێت، مێژووەکەی دەگاتە زیاتر لە ٥٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا. سێ جۆر تەمیرە هەن، تەمیرەی یەک دەستە یاخود کاسەیی هەر وەک کاسە وایە، چەمەن و پاشنەییش دوو جۆرەکەی دیکەی تەمیرەن. جەستەی ئامێری تەمیرە لە دار گوێز و کاسەی هەموو تەمیرەکان لە دار توو دروست دەکرێت. هەروەها لە سێ ژێ پێکهاتووە، دوو ژێ لە ئاسن و ژێیەک لە مس.

فەرید ئیلهامی تەمەن ٤٤ ساڵ، خەڵکی کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ماوەی ٣٥ ساڵە مۆسیقا دەژەنێ، شارەزایی تەواوی لە تەمیرە، تار و سێتار هەیە، سەرپەرشتیاری گرووپی مۆسیقای فیردەوسیی هونەرمەندی ناوداری کورد شەهرام نازەری بووە. ئێستاش بەڕێوەبەری ئەکادیمیای تەمیرەیە لە هەولێر.

ئیلهامی لەبارەی فێربوونی ئامێری تەمیرەوە بۆ (گڵکەند) باس لەوە دەکات "زیاتر لە ٨٠٠ ساڵە لە بنەماڵەکەیاندا تەمیرە یاخود تەمبوور هەیە و پارێزراوە". ئەو لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لە ڕێگەی سەید ئەیازی باپیرەی کە لە گەورە پیاوانی یارسان و مەقامزان و تەمیرەژەنێکی نێودار بووە، بۆ یەکەم جار پەنجەکانی بەر ئامێری تەمیرە دەکەوێت و فێری ژەنینی دەبێت.

دوای ئەوەی هەست بەوە دەکات خەڵکی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی مۆسیقاژەنانی گەنج ئاشنای ئامێرە مۆسیقە کوردییەکان نین، بەتایبەتییش ئامێری تەمیرە یاخود تەنبوور، بیر لە دروستکردنی ئەکادیمیای تایبەت بە مۆسیقا کوردییەکان دەکاتەوە، وەک خۆی دەڵێ "فەرهەنگ و مۆسیقا بناغەی مانەوەی هەر نەتەوەیەکن و دەبێت تەلاری مۆسیقای کوردی بە بەرزی بهێڵینەوە و ڕێگر لە نەمانی بکەین".

ئەو نیگەرانە لەوەی خەڵک زیاتر گرنگی بە مۆسیقای بێگانە وەک پۆپ، ڕۆک و کلاسیک دەدەن و خەریکە مۆسیقای ڕەسەنی کوردیان بیر دەچێتەوە.

فەرید ئیلهامی ئاماژە بەوەش دەکات لە ١٦ وڵاتی جیاواز جۆرەکانی ئامێری تەنبوور یان تەمبوور هەیە و تەنیا تەمیرەیە کە زۆر جیاوازترە لە فۆرم، ستراکچەر، ژێ و نۆتەکانی، بە تەواوی ئامێرێکی کوردییە. هەروەها دەڵێ هەزاران ساڵە کورد خاوەنی تەمیرەیە، بەر لە چەندین سەدە لەگەڵ ئامێری تەمیرە شانامەی کوردی خوێنراوەتەوە.

لە ئامێری تەمیرەدا سێ جۆر مەقام هەیە و کە هەموویان بەتەواوی کوردیین، مەقامی هەقانی کە زیاتر مەقامێکی ڕووحانییە، هەروەها باستانی و مەجازی. فەرید ئیلهامی باس لەوە دەکات، تەمیرە بەشێکی دیکە لە مەقاماتی هەیە کە ١٠٠ تاوەکو ٢٠٠ ساڵ تەمەنیانە، بە مەقاماتی تازە و هاوچەرخ ناودەبرێن.

ئەو مۆسیقاژەنە سەبارەت بە دروستکردنی ئەکادیمیایەکی تایبەت بە تەمیرە، ڕۆڵ و هاوکارییەکانی وەزارەتی ڕۆشبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەرز دەنرخێنێ، باس لە ئامانجی سەرەکیی ئەکادیمیاکەش دەکات کە زیاتر ناساندن و زیندووهێشتنەوەی ئامێری تەمیرەیە نەوە لە دوای نەوە، لە هەمان کاتدا پێگەیاندن و دروستکردنی مۆسیقاژەنی گەنجە بۆ داهاتوو. دەشڵێ دەیەوێت لە ڕێگەی ئەکادیمیاکەوە، ئامێری تەمیرە زیاتر بە جیهانی بکرێت.

ئەکادیمیای تەمیرە لە هەولێر، ئێستا ٤٥ فێرخوازی هەیە، لە هەردوو ڕەگەز و لە تەمەنی جیاوازدا، لە زۆرینەی شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان فێرخوازی ئامێری تەمیرە هەن، ژمارەیەکی زۆر لە فێرخوازان یارسانن. بەڕێوەبەری ئەکادیمیاکە دەڵێ گرنگییەکی تایبەت بەو فێرخوازانە دەدەن کە تەمەنیان لە چوار تاوەکو ١٠ ساڵە، بە ڕای ئەو باشترین تەمەنە بۆ فێربوونی هەر جۆرە ئامێرێکی مۆسیقا.

پەیوەندیی تەمیرە و ئایینی یارسان پەیوەندییەکی قووڵ و مێژووییە، تەمیرە لەو ئایینەدا پێگەیەکی پیرۆزی هەیە، بەشێکە لە سرووت و بەڕێوەبردنی بۆنەکانی، وەک ئامرازێکی گواستنەوەی پەیامە ئایینی و ڕووحانییەکان بەکار دەهێنرێت. ئەو ئامێرە هەروەها ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە پاراستنی بیر و باوەڕەکانی یارسان، گواستنەوەی زانستیی ڕووحانی و پاراستنی کولتوور و نەریت.

بنار عەدنان کچێکی تەمەن ٢٧ ساڵ، دانیشتووی شاری هەولێرە و دەرچووی بەشی ئەندازیاریی ڕووپێوانە لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، یەکێکە لە فێرخوازانی ئەکادیمیای تەمیرە، ئاماژە بە حەز و خولیای خۆی دەکا و دەڵێ "وەک کچە کوردێکی یارسان، لەلای من تەمیرە گرنگییەکی زۆری ڕۆحی، کولتووری و ئایینی هەیە".

بنار ماوەی دوو مانگە فێرخوازە لە ئەکادیمیای تەمیرە، بە شێوەیەکی ئەکادیمی نۆتە، مۆسیقا و شێوازی ژەنینی تەمیرە بە پراکتیکی و تیۆری فێر دەبێت، ئەمەش وای کردووە لای ئەو ژەنینی ئامێری تەمیرە خۆشەویستتر و ئاسانتر بێت.

## وەستا مۆفەق

# لە چاککردنەوەی ڕادیۆوە بۆ تۆمارکردنی شاکارەکانی مۆسیقای کوردی



**هەژار مەجید**

پیاوێکی سەرسپیی باڵامناوەندی، لە ژوورێکی ماڵەکەیدا چەند ئامێرێکی سادەی تۆمارکردنی دەنگ، کاسێت، بەکرە و قەوان دەبیندرێن، ئەو ساڵانێک بەو ئامێرانە کاری تۆمارکردنی دەنگی بۆ دەیان هونەرمەندی دەنگخۆشی شاری هەولێر کردووە، سەرەتا لە چاککردنەوەی رادیۆوە دەستی پێ کرد و دواتر حەیران و گۆرانی و لاوکە هەرە بەدەوەکانی کوردی تۆمار کرد.

مۆفەق عەلی ئیبراهیم کە بە وەستا مۆفەق ناسراوە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٠ی گەڕەکی خانەقای هەولێرە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە و لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لەوسەری شەقامی سیروانی ناو بازاڕی هەولێر لە تەمەنی گەنجیدا دوکانێکی بچووکی بۆ چاککردنەوەی ڕادیۆ و تەسجیلی ئەوکات کردووەتەوە، دواتر ئارەزووی بۆ تۆمارکردنی گۆرانی پەیدا کردووە و هەوڵی داوە خۆی فێری چۆنیەتی تۆمارکردنی بەرهەمە مۆسیقیەکانی ئەوکاتی هەولێر بکات.

هێندەی پێناچێت شارەزایی لە تۆمارکردنی دەنگ پەیدا دەکات، زوو ناوبانگی دەگاتە گوێی هونەرمەندان، ئیتر هونەرمەندان بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانیان ڕووی تێدەکەن، کاری سەرەکیی وەستا مۆفەق لە چاککردنەوەی ڕادیۆ و تەسجیلەوە دەگۆڕێت بۆ تۆمارکردنی گۆرانی و حەیران و لاوک، هەر لەو ڕێگەیەشەوە دەبێتە هاوڕێ و دۆستی گەورە هونەرمەندانی سەردەمی خۆی.

وەستا مۆفەق بۆ (گڵکەند)ی دەگێڕێتەوە کە لە ماوەی ساڵانی کارکردنیدا نزیکەی ١٥٠ حەیران و لاوک و گۆرانی لەسەر بەکرە و کاسێت بۆ هونەرمەندان تۆمار کردووە، لەوانەش بۆ هونەرمەندانی کۆچکردوو حەسەن سیساوەیی، ڕەسول گەردی، نەسرین شێروان، مشکۆ، محەمەد ئەربیلی، جەلال سەعید و عارەب عوسمان.

لە دیارترین کارەکانی وەستا مۆفەق، تۆمارکردنی حەیرانی «ئەسمەر و مامەرئاغا»ی حەسەن سیساوەییە، وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات لەبەر نەبوونی شوێنێکی ئارام و دوور لە ژاوەژاو، ئەو حەیرانەی لە ژووری یەکێک لە هۆتێلەکانی پیرمام تۆمار کردووە.










هەروەها باس لەو ئامێرانەش دەکات کە ئەوکات بەرهەمەکانی پێ تۆمار کردوون و دەڵێ ئامێرەکان سادە بوون وەکو (گرۆندیک)ی ئەڵمانی، (تامبێرگ)ی نەرویجی، لەگەڵ دوو مایک، یەکێکیان بۆ هونەرمەندەکە و ئەوەی تریان بۆ میوزیکژەنەکان، هەروەها ستۆدیۆی تۆمارکردن نەبوو، بەڵکو زۆربەی بەرهەمەکان لە ماڵەوە یان لە ژووری هۆتێل تۆمار دەکران، دەشڵێ ئەگلەنجە و دانیشتنی تایبەت هەبوو، بەو پێیەی بەرهەمی دانیشتنە تایبەتەکان بۆ بڵاوکردنەوە بوون، بۆیە جگە لە دەنگی هونەرمەندەکە و میوزیک، نەدەبوو دەنگی هیچ شتێکی تر هەبێت، وەکو فیکە و چەپڵەلێدان، بەڵام ئەگلەنجە کە ئێستا پێی دەگوترێت (گەعدە)، پێچەوانەی دانیشتنی تایبەت بوو، ئامادەبووان چەپڵەیان لێ دەدا و سەما و شاییان دەکرد.

وەستا مۆفەق تا ئێستا زیاتر لە ١٥٠٠ کاسێت و بەکرەی ئەرشیف کردووە و بەشێکیش لە بەرهەمەکانی هونەرمەندانی لای خۆی پاراستووە و تا ئێستا بڵاوی نەکردوونەتەوە.

دوای ئەوەی لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا، ئامێری پێشکەوتووی تۆمارکردنی دەنگ لە دەرەوەی کوردستان هاوردە کران، چیتر وەستا مۆفەق کاری بە ئامێرە سادەکانی جارانی نەکرد و وازی لە تۆمارکردن هێنا، بەڵام وەک خۆی دەڵێ چونکە پیشەکەی خۆشویستووە و لەگەڵ خوێنیدا تێکەڵ بووە، ئێستاش بە قەوان و شریت گوێ لە گۆرانی و حەیرانی جاران دەگرێت.

---

## مێژووی هونەر لە هەولێر



ئوسامە جەمیل

# تیپە هونەرییەکان

جەمال هیدایەت لە ساری ١٩٥٨ یەکەم تیپی مۆسیقای بە ناوی تیپی مۆسیقای (دەرسیم) دامەزراند، ئەندامانی ئەو تیپەی لەوانە پێکهاتبوو: جەمال هیدایەت (سەرۆک)، واحید مەرجان، مونعیم مەزهەر، جەمال حەمەدەمین، نورەدین ئیبراهیم، زیائەدین نوری قەساب، مونیر داود، مستەفا ڕەئوف، عەبدوڵلا ئیبراهیم، عەدنان مەلا، ساڵح ئەحمەد بەننا و شەمسەدین عومەر، ئەو تیپە بەردەوام بووە لە چالاکی، بە تایبەتی لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا بەرهەمیان پێشکەش کردیە، پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ و دەستپێکردنی شەڕ لە نێوان حکوومەتی عێراق و سەرکردایەتی سیاسیی کورد، چالاکیی هونەری ڕووی لە کزی کرد و دەتانین برێین هەر نەما.

پاش کودەتای عەبدولسەلام عارف (١٩٢١—١٩٦٦) و بەعسییەکان لە ١٩٦٣/٢/٨ چالاکیی هونەری ڕووی لە پووکانەوە کرد، بە تایبەتی سەردەمی بەدرەدین عەلی موتەسەریفی هەولێرێ، کە کەسەکی توندڕەو بووە و مامەڵەی لەگەر دانیشتوانی شارەکەی خراپ بووە، تەنانەت تۆڕێکی سیخوڕی لۆ چاودێریکردنی خەرکی هەولێرێ دروست کردبوو، مۆڵەتی فەرمیشی بە تیپی دەرسیم نەدابوو، بەبیانووی ئەوەی ناوەکەی ناوی یێکەک لە شارەکانی کوردستانی تورکیایە، هەرچەندە جەمال هیدایەت ڕەتی کردەوە هۆکاری پێنەدانی مۆڵەت بە تیپەکە لەبەر ئەو ناوەی بووبی، بەران کاتەک عەبدولمونعیم مەسرەف بووە موتەسەڕیفی هەولێرێ، چالاکی هونەری دەستی پێکردەوە، هەر لەو ماوەیەیدا و لە ساری ١٩٦١ لەناو شۆڕشی کورد یەکەمین سرروودی شۆڕشگێڕی لە شیعری (مەدحەت بێخەو) بە دەنگی فوئاد ئەحمەد بە ناوی (ئێمە پێشمەرگەین هەتا ماوین لە ژین) تۆمار کرا، پاشان بە هۆی گڕوتین و دەنگدانەوەی سرروودەکە، بە فەرمانی مەلا مستەفا بارزانی ئەو سرروودە دەکرێتە مارشی شۆڕش و، لە پاش پارچە مۆسیقایەکەی چەمی ڕێزان پەخش کرایە.

ئەو گۆرانیبێژانەی لەو سەردەمەیدا دەرکەتن ئەوانە بوون: فوئاد ئەحمەد، یەحیا مەرجان (١٩٣٦-٢٠١٦)، تەحسین تەها، عومەر دزەیی، عەبدوڵلا دڵسۆز، عوسمان شاربازێڕی و چەندانی دیکە.

لە ساری ١٩٦٨ تیپی سەندیکای مامۆستایان دادەمەزرێ، یەحیا مەرجان سەرۆکی ئەو تیپەی بووە و (١٥) ئەندامی میوزیکژەنی هەبووە، لە دیارترین ئەندامەکانی چەتۆ حەسەن، جەمال هیدایەت، تەحسین تەها، واحید مەرجان، شێرزاد عوزێری و مستەفا رەئوف بوون.

لە پاش ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کوردستان، بارودۆخێکی نوێ ڕەخسا و هونەریش وەکی هەموو بوارەکانی دیکە بووژاوە و چالاکیی هونەریی دەستی پێکردەوە، لۆیێ هەر لەو سارەی سەباح عەبدولڕەحمان داواکارییەک لۆ پارێزگاری هەولێرێ خالید عەبدولحەلیم بەرز دەکاتەوە، تا ڕێگایان بدات لە هۆڵی شارەوانی ئاهەنگەکی گۆرانی و مۆسیقا ساز بکەن، ئەویش بە نووسراوی ژمارە (٣٨٥٠/٣٤) لە ١٩٧٠/٤/٥ وەرامی دابوونەوە و تا چالاکی بنوێنن، هەر لەو سارەیدا (تیپی یانەی وەرزشی هەولێر) دامەزرا، کە تیپێکی هونەری بوو، بە سەرۆکایەتیی شێرزاد محەمەد حوسێن (سەرسپی) و پێنج میوزیکژەنی دیکە، لە ساری ١٩٧١ش (تیپی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان)، بە سەرۆکایەتی شێرزاد محەمەد و حەفت ئەندامی دیکە دامەزرا، لە ١٩٧١/٢/١ بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٧١٢) تیپی هونەری هەولێر دامەزرا، ئەم تیپە بە سەرۆکایەتیی جەمال هیدایەتی بوو، زۆربەی ئەندامەکانی ئەوانە بوون کە لە تیپەکانی پێشتر ئەندام بوون و بەشداریی چالاکیی هونەریان کردبوو، ئەو تیپە بەردەوام بووە لە چالاکی و چەندین بەرهەمیان پێشکەش کردیە، لە ١٩٧٢/٦/٢٤ش لقی هەولێری (کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی) مۆڵەتی کارکردنی پێدرا، چەندین گۆرانیبێژ لەو تیپەی ئەندامی سەرەکیی بوون، وەکو: سابیر عەبدولڕەحمان (ئەکتەر)، یەحیا مەرجان، چەتۆ حەسەنیش وەکو ژەنیاری ئۆکۆردیۆن، یەکەم سەرۆکی ئەو تیپەی سابیر عەبدولڕەحمان بوو، ئەو تیپە لە ماوەکی کورتدا تانی چەندین ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا لە ناو شاری هەولێرێ و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان پێشکەش بکات، لەناو ئەو تیپەدا ئەم گۆرانیبێژانە بەرهەمیان پێشکەش دەکرد: قادر زیرەک، محەمەد جەزا، ئەکرەم خامۆش، شەوکەت تۆفیق، جەعفەر بەرزنجی، ڕەحمان قوربانی و وریا ئەنوەر، تاوەکو ساڵی ١٩٧٣ (١٤) ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقایان لە هۆڵی گەل، شارۆچکەی عەنکاوە، شەقڵاوە، مەسیف سەلاحەدین، گوێڕ، مەخمور، شارۆچکەی دیبەگە، گوندی قورشاغلو و شاری سلێمانی پێشکەش کردووە.




وێنە: عومەر عەبدولڕەزاق

# گەنجێکی ڕۆژئاوای کوردستان براندێکی قاوە لە هەولێر دادەهێنێت

سوها کامیل

لە یەکێک لە کۆڵانە تەسکەکانی ناو بازاڕی لەنگەی هەولێر، دوو دوکان کراون بە قاوەخانەیەکی ڕازاوە و ناوی نراوە (چێژی قاوە)، ئەمە هی ئاوارەیەکی ڕۆژئاوای کوردستانە، کە تەنها بەکردنەوەی قاوەخانەکە نەوەستاوە، بەڵکو لەژێر ئەم ناوە براندێکیشی دروست کردووە و لە زۆربەی بازاڕەکانی شاردا قاوەکەی لەناو کیسەیەکی تایبەتدا بەدەنک و بەهاڕاویش دەفرۆشێت.

عەبدولسەمەد ڕەحمان گەنجێکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستانە و ساڵی ٢٠١٣ لەگەڵ خێزانەکەیدا ئاوارە بوون و گەیشتنە هەولێر، ئەم قاوەخانەیەی لە بازاڕێکدا کردەوە کە خەڵکەکەی بە خواردنەوەی چای شیرینەوە ڕاهاتبوون، بەڵام قاوە بەتامەکەی ئەو، دۆخەکەی گۆڕی.

ئەو دەڵێ کاتێک گەیشتووەتە هەولێر، هەستی بە غوربەت و تەنیایی نەکردووە، بەڵکو هەستی کردووە لەناو کەسوکاری خۆی دایە، بەتایبەتییش کە لە منداڵییەوە باوکی سوور بووە لەسەر ئەوەی فێری زمانی کوردی بکات. ئەمەش بووە هاندەرێک تا بەرەو پێش بچێت و بەدوای هەلی کارێکی باشدا بگەڕێت.

عەبدولسەمەد دەڵێ بەپێچەوانەی وڵاتانی دراوسێ کە کوردانی ڕۆژئاوا و پەنابەرانی سووریا ڕوویان تێ کردوون، حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاریی بۆ ژیانی ئاوارەکان کردووە و شوێنی حەوانەوە و خۆراکی بۆ دابین کردوون، ئەو ئاوارە و پەنابەرانە نەک هەر دالْدە دران، بەڵکو بوون بە بەشێک لە گەڕەک و دوکان و بازاڕەکانی هەولێر.

بەشێک لە کوردانی ڕۆژئاوا و سوورییەکان لە پڕۆژەی تایبەت بە خۆیان سەرکەوتوو بوون، عەبدولسەمەد یەکێکە لەوان، کە لەژێر ناوی قاوەخانەی (چێژی قاوە) دا، ئێستا ١٥ لقی بۆ فرۆشتن و پێشکەشکردنی قاوە لە شاری هەولێر هەیە.

ئەو گەنجە کوردەی ڕۆژئاوا لەبارەی دەستپێکی کارەکەیەوە دەڵێ سەرەتا ترسی ئەوەی هەبوو کە داواکارییەکەی ڕەت بکرێتەوە بۆ کردنەوەی قاوەخانە، کەچی خێراتر لەوەی چاوەڕێی دەکرد مۆڵەتی بۆ کردنەوەی قاوەخانەکەی وەرگرت، بەهاوکاریی دارایی یەکێک لە خزمەکانی دوکانێکی بچووکی بەکرێ گرت.

لەناو قاوەخانەی (چێژی قاوە)دا، میوان هەست بەگەرموگوڕی دەکات، جگە لەو مافوورانەی بە دەستی کوردان چنراون و دیواریان پێ ڕازاندراوەتەوە، کورسیە دارینەکان و پارچە ئەنتیکەکانیش، سەرباری بۆنی قاوەی تازە هاڕاو، کەشێکی تایبەتی لەناو بازاڕی لەنگەدا دروست کردووە.

ئێستا عەبدولسەمەد بەنیازە براندێکی نوێی قاوە بەناوی کوردستان دروست بکات و دەڵێ زۆربەی وڵاتانی گەورە قاوەی تایبەت بەخۆیان هەیە کە گوزارشت لە کولتووری گەلەکەیان دەکات، وەک قاوەی تورکی و ئیتاڵی و ئەمریکی. ئەویش ئاواتەخوازە کارگەیەکی گەورەی قاوە لە کوردستان دابمەزرێنێت، کە یەکەم کارگە بێت لە جۆری خۆیدا و هەڵگری براندێکی تایبەت بێت بەناوی کوردستان.

# نەخۆش بە کرمی زالوو چارەسەر دەکرێ

هێمن بابان ڕەحیم


چارەسەرکارێک لە هەولێر کە بە زاری شەقام (تەبیب)ی پێ دەگوترێت، لە ڕێگەی کرمێکی خوێنمژەوە چارەسەری بۆ سەدان نەخۆش کردووە و جگە لە ڕێگری لە بڕینەوەی قاچی نەخۆش، دەیان کەسیشی ڕزگار کردووە، کرمەکە سپێرمی پیاو زیاد دەکات و هەندێک نەخۆشیش بۆ جوانکاری بەکاری دێنن.

## کرمە «پەرچوو»کە چارەسەرە

لەو کاتەی بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک سەردانی نۆرینگەکەمان کرد لە هەولێر، دوو نەخۆش لە قەزای خورماتووی پارێزگای سەلاحەدینەوە بۆ وەرگرتنی چارەسەر لە ڕێگەی کرمی زالووەوە لە نۆرینگەکە بوون، یەکێکیان کێشەی کەمی بینینی چاوەکانی هەبوو، ئەوی دیکەیان زرنگانەوەی گوێی.


د.یاسین بەحرکەیی سەرۆکی لقی هەولێری دامەزراوەی پزیشکیی تەواوکاریی عێراقییە، ماستەر و دکتۆرای پیشەیی لە پزیشکیی تەواوکاری هەیە و لە نۆرینگەکەیدا دەیان بڕوانامە و ڕێزلێنانی هەڵواسیوە، لەبارەی ئەو کرمەی بە پەرچوو «موعجیزە» ناوی دەهێنێت بە (گڵکەند)ی ڕاگەیاند «کرمی زالووی پزیشکی یان زێلوو یان زەلوو لە ناوە باوەکانی کرمەکەیە، یەکێکە لەو کرمانەی بۆ مەبەستی پزیشکی و جوانکاری لەسەر ئاستی جیهان بەکار دەهێندرێت، بەپێی سەرچاوەکانی مێژوو، کرمەکە پێش زیاتر لە سێ هەزار و ٥٠٠ ساڵ بەکار هێنراوە، بەتایبەت لە سەردەمی فیرعەونەکان و یۆنانییە کۆنەکان».

کرمەکە وەکو ئەو چارەسەرکارە ئاماژەی بۆ دەکات بۆ چەندین نەخۆشی بەکار دەهێندرێت، لەوانە ژانەسەر (شەقیقە)، لاوازیی دەماری چاو و گیرانی دەماری دەست لەگەڵ دەوالیی قاچ و گون لە پیاوان، هەروەها چارەسەرە بۆ کێشەی نەبوون یان کەمیی سپێرمی پیاوان یان کێشەی سێکسی، جگە لەوەی بۆ ئەو پیاوانەی بەهۆی سپێرمەوە کێشەی منداڵ نەبوونیان هەیە، بەکار دەهێندرێت.



## «کرمی ڕووسی باشترینە»

کرمی زاڵوو تەمەنی درێژی یەک ساڵ دەبێت، سەرچاوەی هێنانیشی چەندین وڵاتە بەتایبەت ئێران، تورکیا و ڕووسیا، کرمەکان نرخەکانیان جیاوازە لە دوو هەزارەوە بۆ هەر کرمێک دەستپێدەکات تاوەکو پێنج هەزار دینار، بەڵام گرانترینیان جۆری ڕووسییە هۆکارەکەشی وەکو ئەو چارەسەرکارە دەڵێت زۆریی ئەو ماددانەیە کە دەریاندەدات لەگەڵ ئاسانی پشکنین و ئاسانی گرتنیانە، لەگەڵ ئەوانەشدا دەڵێت "سەرچاوەی کرمەکە لە زۆرینەی وڵاتان هەیە و لە کێڵگە بەخێو دەکرێت و دەفرۆشرێتەوە، پێشتر لە کوردستان هەبوو، ئێستاش لە چیای حەسەن بەگ و هەندێک شوێنی دیکە هەن، بەڵام کەم و دەگمەنن، لە هەندێک ئاو و کانیاوەکان هەبوو، بەڵام ئێستا بەهۆی نەمانی گوندەکانەوە کەم بوونەتەوە".



یاسین بەحرکەیی کە هاوکات مامۆستای زانکۆی سەلاحەدینیشە، لەبارەی کارکردنی کرمەکەوە زیاتر ڕوونکردنەوە دەدات و دەڵێ "کرمەکە بە کلکی خۆی هەڵدەواسێت و بە دەمی خوێن دەمژێت، سێ ددانی هەیە و لە تەنیشت هەر ددانێکی دەیان ددانی دیکە هەیە، بە ددانێک بەنج و خاوێنکردنەوە دەکات، بە دووەمیان خوێنی دەمار دەمژێت و بەوی دیکەیان ماددە سوودبەخشەکان دەخاتە جەستەی مرۆڤەوە".

کرمەکە سپێرمی پیاو زیاد دەکات، یاسین بەحرکەیی دەڵێ "نەخۆش هەیە سپێرمی سفر بووە و دوای بەکارهێنانی کرمەکە ژمارەی گەیشتووەتە ١٥ ملیۆن دانە و هەبووە دە ملیۆنی هەبووە گەیشتووەتە ٢٥ ملیۆن"، جگە لەوەش لە هەندێک نەخۆش بووەتە هۆی ڕێگری لە بڕانەوەی قاچ بەهۆی تووشبوون بە شەکرە.

## هەر نەخۆشێک بۆ چارەسەری چەندی پێویستە؟

ژمارەی ئەو دانیشتنانەی هەر نەخۆشێک پێویستی دەبێت بۆ چارەسەری لە ڕێگەی کرمی زاڵووەوە دەگۆڕێت، بە نموونە بۆ نەخۆشیی سەرئێشە سێ بۆ چوار دانیشتن پێویستە، بۆ چارەسەری گیرانی دەماری دەست، دوو دانیشتن پێویستە، کرمەکە بۆ ئەو کەسانەش بەکار دەهێندرێت کە بەهۆی نەخۆشیی شەکرەوە کێشەی ڕەشبوونی قاچەکانیان و خورانیان هەیە. یاسین بەحرکەیی، کە ماوەی بیست ساڵ دەبێت کاری کەڵلەشاخ دەکات و خاوەنی زیاتر لە حەوت ساڵ شارەزاییە لە بەکارهێنانی کرمی زالوو، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات بەشێک لە نەخۆشەکانی و ئەو کەسانەی سەردانی دەکەن کرمەکە بۆ مەبەستی جوانکاری بەکار دەهێنن، بەو پێیە گۆلاجین لە دەردراوەکانی کرمەکەیە، ئەو دەڵێ "ئەو کەسانەی زیپکەی زۆریان هەیە کرمەکەیان بۆ دادەنرێت تا شوێنی زیپکە هەڵمژێ و خاوێنی بکاتەوە، جگە لەوەش گۆلاجین دەخاتە پێستەوە".

کرمەکان وەکو ئەو چارەسەرکارە باسی دەکات بۆ یەک جار بەکار دەهێندرێن و دواتر لەنێو دەبرێن، سەرباری ئەوەش بەکارهێنانی بووەتە توێژینەوەی چەندین قوتابی لە کۆلێژەکانی پزیشکی و زانست، چەندین قوتابی کار لەسەر فێربوونی بەکارهێنانی دەکەن.

هیچ زیانێکی نییە، بەڵام بە نەشارەزایی بەکاربهێندرێت زیانی دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر کەسەکە شەکرەیەکی زۆر بەرزی هەبوو نابێت بۆی بەکار بهێندرێت، بۆ نموونە دەردە گورگ نابێت بۆی بەکار بهێندرێت، هەروەها ئەوانەی شێرپەنجەیان هەیە و لەژێر چارەسەری دەرزیی کیمیایین، نابێت بۆیان دابندرێت.

# حوجرەی گەورەی بەحرکە و دەستنووسی فەقێیەکی خۆشناوەتی

**گڵکەند**

باس باسی حوجرەی گەورەی بەحرکەیە، یەکێک لە حوجرە مێژووییەکانی کوردستانە و بەپێی دەستنووسی فەقێیەکی گوندی خراواجی خۆشناوەتی، بەر لە ٢٥٠ ساڵ دامەزراوە و چەندین مامۆستای ئایینی ناودار لەوێ دەرچوون.

مەلا ئەبوبەکر تاهیر عەبدوڵڵا (٥٥ ساڵ) لەدایکبووی گوندی بەحرکە و کوڕی مەلا تاهیری بەحرکە، کە مۆڵەتی مەلایەتیشی هەر لەو حوجرەیە وەرگرتووە و لەوێ وانە دەڵێتەوە، باسی مێژووی حوجرەکە بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە و دەڵێ تا ئێستا مێژووی دامەزراندنی حوجرەی بەحرکە تەواو ڕوون نییە، بەڵام دەستنووسێکی کۆنی فەقێیەک هەیە، کە نزیکەی ٢٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا نووسیویەتی "لە گوندی خراواجەوە چووم بۆ بەحرکە".

دەشڵێ قسەی ئەو فەقێیە لە بەرگی چوارەمی کتێبی مێژووی زانایان لە لاپەڕە ٧٠دا ئاماژەی پێ کراوە و هەر ئەوەش کراوەتە پێوەر بۆ ساڵی ١٧٧٩ زایینی، کە لەو سەردەمەدا ئەو حوجرەیە هەبووە و هەر بەو ناوەش بووە، بەم هۆیەوە بەشێک لە حوجرەکانی کوردستان خۆیان بە لقێک لەو حوجرەیەی بەحرکە دەزانن.

هەروەها باس لەوە دەکات کە بنەماڵەی ئەوان لە باپیرییەوە سەرپەرشتی ئەو حوجرەیەیان کردووە و دەڵێ باپیری لەوێ فەقێ بووە، مامۆستایەک بەناوی مەلا عوسمانی شەوەکی لەگەڵ باپیری زۆر هاوڕێ بوون، دوای مردنی مەلا عوسمان، پیاوماقوڵ و ڕیشسپیی دەچن بۆ لای ئاغا و داوای لێ دەکەن مەلا عەولا ببێت بە مەلای ئەو مزگەوتە و وانە بە فەقێیەکانیش بڵێتەوە، بۆیە مەلا عەولای باپیری مەلا ئەبوبەکر لەسەر داوای خەڵکەکە لە ساڵی ١٩٣٩ هاتووەتە حوجرەی مزگەوتی بەحرکە، دوای مردنی باپیریشی، حوجرەکە بۆ مەلا تاهیری باوکی و مامێکی ماوەتەوە.



مەلا تاهیری بەحرکە و مەلا ئەبوبەکری کوڕی



دیمەنێکی حوجرەی گەورەی بەحرکە

تا ئێستا حوجرەی گەورەی بەحرکە بۆ خواردنی فەقێیان لەسەر شێوازی کۆن ماوەتەوە، وەک مەلا ئەبوبەکر دەیگێڕێتەوە، خەڵکی گوندی بەحرکە ڕۆژانە ژەمەخواردن ئامادە دەکەن کە پێی دەگوترێ (راتبەی فەقێیان)، ئەو شێوازەش تەنها لە گوندی بەحرکە ماوەتەوە، هەروەها شوێنی خەوتنی فەقێیەکانیش هەر لە ناو مزگەوتە، چونکە بەشێک لە فەقێیەکان لە ڕێی دوورەوە دێن و ڕۆژانە ناتوانن هاتوچۆ بکەن.

مەلایەکەی حوجرەی بەحرکە پێیوایە ئەو مەلایانەی لە حوجرەکەیان دەرچوونە، مەلای گەورە و ناودار بوون و چوونەتە خزمەتی ئایین و نەتەوە و خاکی کوردستان، ئێستاش بەشێک لەو مەلا ناودارانە لە بەشە شەرعییەکانی زانکۆکانی کوردستان وانە دەڵێنەوە و پلەی زانستیی بەرزیان وەرگرتووە.

هەروەها باس لە ڕۆڵی حوجرەی بەحرکە دەکات لە چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە و هاوکاریکردنی پێشمەرگە و هەڵاتووانی سەربازی لە سەردەمی بەعسدا، ئەو دەڵێ چەندین گرفتی کۆمەڵایەتیی لەو حوجرەیەدا چارەسەر کراون، وەکو کێشەی خوێنداری و کێشەی هاوسەرەکان، هەروەها لە سەردەمی بەعسدا لە کاتی مەترسی حەشارگەیەکی باش بووە بۆ پێشمەرگە، بەتایبەت لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا.

ئێستا لەم حوجرەیەدا سێ مامۆستای ئایینی بە فەرمی و چەند مامۆستایەکی تریش وانە دەڵێنەوە و ٢٠ فەقێش بۆ فێربوونی ئەحکامە شەرعییەکان لەوێ دەخوێنن.



کۆبوونەوەیەکی ساڵی ١٩٢٩ لە (نادی موەزەفین)ی هەولێر

لە ڕاستەوە بۆ چەپ، میرانی قادر بەگ، عەلی ئاغا، مەلائەفەندی، مەندوبی سامی بەریتانی، موتەسەریف مەجید یەعقوبی، پارێزگاری هەولێر، خێزانی مەندوبی سامی، ئەحمەد موختار ئەفەندیی قازی هەولێر، جەمیل ئاغای حەوێزی قایمقامی کۆیە.

## قورئانێك بە زمان و خەتی كوردی بەڕێوەیە

# بژار ئەربیلی دەیەوێ هەولێر بکاتە پایتەختی خۆشنووسی



قاسم خدر

نازناوی ئەربیلییە و دوای ٢٥ ساڵ ژیان لە ئەورووپا، بەم دواییە گەڕایەوە هەولێر و ژیانی دەرەوەی شاری هەڵبژارد بۆ ئەوەی ماڵ و ستۆدیۆیەکی تایبەت دوور لە ژاوەژاوی شار ئاوەدان بکاتەوە. لەوێ بە ڕۆحی گەنجانەی جارانی، خەریکی کێشانی هێڵە هونەرییەکانە و درێژە بە داهێنانەکانی لە بواری خۆشنووسی دەدات.

کاتێ بژار ئەربیلی دەست بە نووسین دەکات، تەواوی هەستەکانی ڕۆدەچێتە ئەو ڕووبەرە جوگرافیە بچووکەی لە یەکەم ڕستەی لاپەڕەیەکەوە دەست پێ دەکا و لە دوا نوختەی نووکی قەڵەمەکەی کۆتایی دێت.

دیواری ژوورەکەی بژار ئەربیلیی خۆشنووس، بە چەندین دەستنووسی سەرنجڕاکێشی وەک ئایەتەکانی قورئان و دێڕەشیعری شاعیرە بەناوبانگەکانی کورد و عەرەب ڕازاندراوەتەوە و بەشێکیان بە زێڕ رووپۆش کراون.

بژار کەریم سەلیم، ناسراو بە بژار ئەربیلی، تەمەنی گەیشتووەتە ٦١ ساڵ و ئێستا لە هەولێرێ دەژی.

ئەو کە لۆگۆی (گلکەند)یشی دروست کردووە، لەم دیدارەدا باس لەوە دەکات کە چۆن لە منداڵییەوە خۆشەویستی بۆ خۆشنووسی هەبووە و لەوساوە دەستخەتی جوان بووە، مامۆستاکانی لە قوتابخانە بە خەتخۆشییەکەی سەرسام بوون، لەوەش زیاتر کاتێ منداڵ بووە، مامۆستاکان لە قوتابخانە داوایان لێ دەکرد بە خەتی عەرەبی ناویان بنووسێتەوە.

قورئانێکی پیرۆز لەسەر مێزێکی ناوەڕاستی ژوورەکەی بژار ئەربیلییە، کە وێنەیەکە لەو قورئانەی ئەو خۆشنووسە بە دەستی خۆی نووسیویەتیەوە و پێشکەشی شێخ خەلیفە بن زاید ئال نەهیان سەرۆکی پێشووی دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتووی کردووە.

خۆشەویستی هاندەرێکی سەرەکیی بژار ئەربیلییە، ئەو بەدەم نووسینەوە، بە دەنگێکی نەرم و پڕ لە ویقار لە ژوورە بێدەنگ و هونەرییەکەیدا دەیگوت "بەبێ خۆشەویستی، مرۆڤ ناتوانێ سەرکەوتنی ڕاستەقینە بەدەست بهێنێت".

ئەو خۆشنووسە کوردە بەشی سیرامیک و پەیکەرتاشی لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدا تەواو کردووە. بەڵام بڕیاری داوە هەر لەسەر کاری خۆشنووسی بەردەوام بێت، کە هیوایەتە ڕاستەقینەکەی خۆی بووە. ئێستا ئەو پیاوە ناوبانگێکی جیهانی پەیدا کردووە و چەندین خەڵاتی لە کێبڕکێکانی خۆشنووسی لە دوبەی و ئیستەنبوڵ بەدەست هێناوە.

لە ساڵی ٢٠١٢، لە نێوان ١٢٨ خۆشنووسی کارامە کە لە دوبەی کۆببوونەوە، بژار ئەربیلی لەلایەن شێخ محەمەد بن ڕاشد ئال مەکتومی حاکمی دوبەی ڕادەسپێردرێت بە نووسینەوەی وێنەیەک لە قورئانی پیرۆز، بۆ ئەوەی بە دیاری بیدات بە شێخ خەلیفە بن زاید ئال نەهیانی سەرۆکی ئیمارات.

هەڵبژاردنی بژار ئەربیلی بۆ ئەو کارە مەزنە، نیشانەی ئەوە بوو بژار کارامە و وردە لە نووسین و دەستڕەنگینە

دوای ڕاسپاردنی، بژار ئەربیلی توانی لە ماوەی سێ ساڵدا وێنەیەک لە قورئانی پیرۆز بە خەتی خۆی بنووسیتەوە، کە دواتر دوو ملیۆن دانە لەو قورئانە نووسرا و چاپ کرا و لە دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو، بڵاو کرایەوە.

بژار ئەربیلی ئومێد دەخوازێت بە نووسینەوەی قورئانی پیرۆز بە زمانی کوردی، خزمەتێک بە کولتوور و کتێبخانەی کوردی بکات. ئەو نووسینەوەی قورئان بە زمانی کوردی و شیعری شاعیرانی وەک نالی، ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی، خستووەتە بەرنامە و پلانی داهاتووی خۆی.

هونەری خەتی ئیسلامی لە سەدەی حەفتی هیجری (سەدەی ١٤ی زاینی) لە شاری کوفە لە باشووری عێراق، بۆ نووسنەوەی قورئانی پیرۆز، سەری هەڵدا. بەڵام کۆنترین خەتی دۆزراوە لە جیهان، بۆ ٣٢٠٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، کە ئەویش لە ناوچەی ئۆروک بوو (عێراقی ئێستا).

دوای سەرهەڵدانی هونەری خۆشنووسی لە کوفە، خەلافەتی عەباسی قوتابخانەی خۆشنووسی لە بەغدا کردەوە، دواتر قوتابخانەی عوسمانی لە ئیستەنبوڵ و دوو قوتابخانەی ئێرانیش لە ئیسفەهان و تەبرێز بۆ خۆشنووسی، کرانەوە.

ئەربیلی لە ساڵی ٢٠١٨ قوتابخانەی خۆشنووسیی هەولێری کردەوە، چونکە هەولێریش چەندین خۆشنووسی کارامەی هەیە، ئەو گوتی، "زۆر دڵنیام هەولێر باشترین خۆشنووسەکانی جیهانی تێدایە".

هەوادارانی خۆشنووسی لە سەرانسەری کوردستان ڕۆژانە ڕوو لە قوتابخانەکەی بژار ئەربیلی دەکەن، ئەو تەنیا کار لەسەر ئەو کەسانە دەکات، کە بەهرەیان هەیە و ڕێز لە بنەما مرۆڤایەتییەکان و ئاشتی و پێکەوەژیان دەگرن، هەموو ئاواتیشی ئەوەیە هەولێر بکاتە پایتەختێکی جیهانی بۆ هونەری خۆشنووسی و ڕێکخستنی کێبڕکێی جیهانی لەو بوارە، بەهیواشە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی.

هەفتانە دوو ڕۆژ خۆشنووس و خاوەن بەهرەکانی خۆشنووسی لە ماڵەکەی بژار ئەربیلی کۆ دەبنەوە، ئەوان لەگەڵ مامۆستاکەیان گفتوگۆ لەبارەی نوێنترین هونەر و گۆشەکانی نووسینی پیتەکان و جوانیی وشەکان دەکەن

بژار کۆمەڵێک کاغەزی کڕیوە بۆ ئەوەی لەسەریان بنووسێ، کە ئەو کاغەزانە تا ماوەی ٢٠٠ ساڵ خۆیان دەگرن و تێکناچن، ٢٠ هەزار دۆلاریشی لە کڕینی ئەو جۆرە کاغەزانە خەرج کردووە.

ئەگەرچی لە سەدەی ٢١ تەکنۆلۆژیا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پێشکەوتووە و زیرەکیی دەستکرد سەری هەڵداوە، بەڵام بە ڕای بژار ئەربیلی تەکنۆلۆژیا و زیرەکیی دەستکرد ناتوانن لە گرنگیی خۆشنووسی کەمکەنەوە، ئەو نموونە بە دروستکردنی مافوور دەهێنێتەوە و دەڵێ، جیاوازییەکی زۆر لە بەهای ئەو مافوورانەی بەدەست دەچنرێن لەگەڵ ئەو مافوورانەی لە کارگە دروست دەکرێن، هەیە.

گوڵبژێنە



ئیسماعیل بەرزنجی

## بدە بەرێ

حیزبێک پاڵپشتی کردی
فڕت بەسەر سیاسەتەوە نەبوو
کرای بە تەنزیمی داخیلی
ئێستا ڕوتبەکەت موقەدەمە و
بدە بەرێ
...
سێ چوار ڕستەی ئاڵۆز بنووسە
دە دوازدە وشەی بێگانەی تێهەڵکێشە
بەناوی ڕەخنەوە بڵاوی بکەوە و
بدە بەرێ
...
وەک گەمەی میکانۆ
کۆمەڵێک پەیڤ بخەرە پاڵ یەکتر
ناوی لێ بنێ شیعر و
بدە بەرێ
...
ڕات لەم بەرە نییە
بڕۆ ئەو بەر
یان لەو بەرەوە
وەرەوە ئێرە
گرنگ سەفقەکەیە و
بدە بەرێ
...
بە ناوی یادەوەرییەوە
کتێبێکی سەقەت چاپ بکە
خۆت وا پیشان دە
دەبابەت قوت داوە
کێ بە کێیە، بدە بەرێ
...
ڕات لە دانیشتنێک نەبوو
دەست بە موزایەدە بکە
خۆت بکە بە گیڤارا
منو بالمنو، بدە بەرێ
...
لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا
بەرگری لە مافی ئافرەت بکە
دژی توندوتیژی بوەستە
لە ماڵەوەش
حیسابی ملیمەتر
بۆ پرچی بە دەرەوەی
کچ و ژنەکەت بکە
...
دەزانم زۆر ماندووی
پێویستیت بە هەوا گۆڕینە
ژنی یەکەمیشت هیلاک بوو
یەکێکی دیکە بێنە و
بدە بەرێ

# یانەیەکی هەولێر شەترەنج دەباتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندن

**کارزان کانەبی**

یانەی وەرزشی شەترەنجی خانزاد کە ساڵانە چەندین خول و پاڵەوانییەتی لەسەر ئاستی هەولێر و هەرێمی کوردستان دەکاتەوە، لە هەنگاوێکی نوێدا دەستی بۆ پرۆژەیەکی زانستی بردووە کە ماوەی دە ساڵە کاری لەسەر دەکەن، بۆ ئەوەی یاری شەترەنج بخەنە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە.

ئەم یانەیەی هەولێر دەیەوێ لە رێگای ناوەندەکانی خوێندنەوە پەرە بە ئاستی ئەم یارییە لە شارەکە بدرێت و چەندین یاریزانی باش لە رێگەی قوتابخانەکان دروست بکەن.

ئەم پرۆژەیە تەنیا ناو شاری هەولێر دەگرێتەوە و لە ١٠٠ قوتابخانەدا وانەی شەترەنج دەخوێندرێت، بڕیاریشە لە داهاتوودا ئەم پرۆژەیە فراوان بکرێت و بیگوازنەوە بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان.

لەمبارەیەوە کاردۆ ئاکۆ جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشی خانزاد بۆ (گڵکەند) گوتی خوێندنی شەترەنج لە قوتابخانەدا گرنگییەکی گەورەی هەیە و سوودی زۆر بە بیرکردنەوە و هۆشیاربوونی منداڵ دەگەیەنێت، لە چەندین وڵاتی جیهاندا کار لەسەر پرۆژەی هاوشێوە کراوە.

گوتیشی یانەی شەترەنجی خانزاد ماوەی دە ساڵە کار لەسەر ئەم پرۆژەیە دەکات، لە کاتێکدا هێشتا وڵاتانی دراوسێ ئەو هەنگاوەیان نەناوە، تەنیا وڵاتی ئەرمینیا نەبێت کە سەرۆکی وڵاتەکەیان سەرۆکی یەکێتی شەترەنجیشە و یەکەم کەس بوو ئەم وانەیەی بردە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن.

هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە یەکەم هەنگاویان لە پەیمانگا و زانکۆکان ناوە، ماوەی پێنج ساڵە لە پێنج پەیمانگا شەترەنج دەخوێندرێ و لە زانکۆش دەستیان پێ کردووە، بەڵام پێیان گرنگ بوو لە قوتابخانەکانەوە دەست پێ بکەن، چونکە لەم شوێنەدا دەتوانن یاریزان لە قۆناغەکانی بنەڕەتییەوە فێر بکەن.

وەک ئامادەکارییش لە وەرزی هاویندا خولیان بۆ ١٥٠ مامۆستای هەولێر کردووەتەوە، لە بەرنامەشیاندایە خولێکی سێ رۆژی بۆ مامۆستایانی قوتابخانە ناحکومییەکان بکەنەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی پراکتیزی بخوێندرێ.

دووپاتیشی دەکاتەوە کە ئەم بەرنامەیە بۆ هەموو کوردستانە، بەڵام لە قۆناغی یەکەمدا تەنیا بۆ شاری هەولێرە و عێراقیش ئەم پرۆژەیەی ئەوانی بردووە و دەیەوێ لە پەرلەمانی عێراق پەسند بکرێ و بچێتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە.

لای خۆیەوە بەختیار بورهان بەرێوەبەری چالاکیی وەرزشی و دێدەوانی لە وەزارەتی پەروەردە بۆ (گڵکەند) باس لەوە دەکات کە شەترەنج دەبەنە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن، بەتایبەت بۆ قۆناغی بنەڕەتی، بۆ ئەوەی سوود لەم یارییە ببینن وەک یارییەکی هزری کە لایەنی دەروونی قوتابی ئارام دەکاتەوە، هەروەها بۆ دوورکەوتنەوەیە لە توندوتیژی.

دەشڵێ ئەم پرۆگرامە بۆ گشت قۆناغەکانی خوێندنە، بەڵام ئەوەی سوومەند دەبێ لەم ئەزموونە تازەیە قوتابیانی ئاستی ٧ تاکو ٩ی بنەڕەتیین، گوتیشی بۆ ئەمساڵ تەنیا لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر جێبەجێ دەکرێت.



وێنە: سابر چاڵ

# له دارەتووەوە بۆ هیلالی سعوودی

**کارزانی کانەبی**




شۆخان نوورەدین کچە یاریزانێکی دیاری هەولێر و کوردستانە، ئێستا لە خولی نایابی تۆپی پێی کچانی یانەکانی سعوودیە و بە دیاریکراویش بۆ یانەی هیلال یاری دەکات.

شۆخان ساڵی ٢٠٠٠ لە شارەدێی دارەتوو لە رۆژهەڵاتی شاری هەولێر لەدایک بووە، سەرەتا لە فوتساڵی یانەکانی ئافرەتانی هەولێر، چۆمان، گ ا ز ی ب ا ک و و ر، نەوتی باکوور، بیلادی و زەوڕا یاری کردووە، دواتریش لە هەڵبژاردەی عێراق نازناوی خۆی گەیاندووەتە دەرەوە و ئێستا یەکێکە لە ئەستێرەکانی خولی فوتساڵی کچانی سعودیە.

شۆخان ماوەی سێ وەرزە لە خولی یانەی هیلالی سعوودیە یاری دەکات و لەو ماوەیەشدا، بە تۆمارکردنی ٥٥ گۆڵ، بووەتە یەکێک لە گۆڵکارەکانی ئەو خولە.

شۆخان لە لێدوانێکیدا بۆ (گڵکەند) گوتی "هەستێکی زۆر خۆشم هەیە کە وەکو کچە یاریزانێکی کوردی پیشەگەر لە یانەیەکی گەورەی وەکو یانەی هیلال یاری دەکەم".

لەبارەی جیاوازیی یاریکردنیش لە نێوان خولی سعوودیە و کوردستانەوە دەڵێ "جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان هەردوو خول لە گشت ڕوویەکەوە، بەتایبەت یاریگاکان و درێژیی ماوەی خولەکان کە لە سعوودیە نزیکەی هەشت مانگە، بەڵام لە کوردستان ماوەی خولەکان دوو مانگە".

درێژیی خولی یاریکردن بە رای شۆخان، سوودی بۆ بەرەوپێشچوونی یاریزانان هەیە و هەروەها لە رووی داراییشەوە سوودی پێ دەگەیەنێت، شۆخان هیوادارە ماوەی خولەکانی کوردستانیش درێژ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی یاریزانان بەتایبەت کچان، بەردەوام لە بەرەوپێشچوون بن.

بەهۆی ئاست بەرزییەکەیەوە، هاندەرانی وەرزشی نازناوی هالاندی کوردییان بە شۆخان بەخشیوە، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئێرلینگ هالاندی ئەستێرەی تۆپی پێی نەرویجی و یانەی مانچستەر سیتیی بەریتانی. شۆخان لەمبارەیەوە دەڵێ بۆ ئەو هەستێکی تایبەتە کە بە یاریزان هالاند بانگ دەکرێ، ئەوە ئەرکی قورستر دەکات.

شۆخان نوورەدین خەونی ئەوەیە رۆژێک بتوانێ لە یەکێک لە یانە گەورەکانی ئەورووپا یاری بکات، هەرچەندە پێشتر گرێبەستی لە دوو یانەی ئەڵمانی رەت کردووەتەوە، چونکە پێی وابووە ئەزموونی وەکو پێویست نەبوو.

ئەو کچە کوردە ئێستا کار بۆ ئەوە دەکات زۆرترین نازناو لەگەڵ یانەی هیلالی سعوودیە بەدەست بهێنێت. ئاماژەی بەوەش کرد، کە بەهۆی بچووکیی یاریگاکانی کوردستان بۆ کچان، ناتوانێ یانەی هیلال بۆ یاریکردن بهێنێتە کوردستان، ئەگینا باسی وەرزشی کوردستان و خولی کوردستانی بۆ یانەکەی و یاریزانە هاوڕێکانی کردووە.

شۆخان پێشتر نازناوی گۆڵکاری ئەو خولەی بەدەست هێناوە، بەڵام سوورە لەسەر ئەوەی "دەمەوێ وەکو یاریزانێکی کورد ئەنجامێکی گەورە تۆمار بکەم و ببمە یاریزانێکی گەورە".

ئەو یاریزانە پێی وایە ئەگەر یاریزانانی دیکەی کورد لە ژێر سەرپەرشتیی راهێنەرانی کورد پەروەردە بکرێن، یاریزانی زۆر باشیان لێ دروست دەبێت، خۆی بە نمونە دەهێنێتەوە، ئامادەیی خۆیشی نیشان دەدات لەوەی هەر شتێکی لە تواناداا بێت بۆ خزمەتی وەرزشی هەولێر و کوردستان ئەنجامی بدات.

خاوەن ئیمتیاز:
**دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ**

سەرنووسەر:
**رێبەند سەعدوڵا**

دیزاین:
**ئاراس ئەکرەم**

لۆگۆ و خۆشنووسی:
**بژار ئەربیلی**

دەستەی نووسەران:
**نازم دڵبەند**
**هەژار مەجید**

کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

# گڵکەند

Issue (6), Sunday 15/12/2024

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند

دۆستەکانم باش بزانن
دوژمنانم باش بزانن
چەند باوەڕم بە زەردەشت و
بە ئاڤێستا و خوا هەیە
هەزار هێندەش
باوەڕم بە هەڵکردنی ئاڵا هەیە

پەشێو



وێنە: محەمەد دەرگەڵەیی